بسم الله الرحمن الرحيم

# فێرکردنی تەوحید
# بۆ منداڵان

دەزگای چاپ و پەخشی
نارین

مافی لەچاپدانی بۆ نووسەر پارێزراوە

نـــــــــــاوی کتێب: فێرکردنی تەوحید بۆ منداڵان.
نووسیـنـــــــــــــی: د.إحسان برهان الدين.
نۆرەو سـاڵی چـــاپ: شەشەم، ساڵی ٢٠٢٣.
ژمـارەی سپـــــاردن: ( ١٤٥٨ )ی ساڵی (٢٠٢٠) ی پێدراوە.

---

**دەزگای چاپ و پەخشی**

# نـارین

هەولێر/ بازاڕی زانست بۆ کتێب و چاپەمەنی
Website: www.nareenpub.com
E-mail: nareenpub@gmail.com
مۆبایل: ٠٠٩٦٤٧٧٣٤٠٦١٠١٠

# فێرکردنی تەوحید

# بۆ منداڵان


نووسینی

**د.إحسان برهان الدين**



دەزگای چاپ و پەخشی

نارین

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿وَلَقَدۡ أُوحِيَ إِلَيۡكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكَ لَئِنۡ أَشۡرَكۡتَ لَيَحۡبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ﴾

الزمر( ٦٥ )

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ ونَسْتَعينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، ونَعوذُ باللهِ مِنْ شُرورِ أنْفُسِنا ومِنْ سَيِّئاتِ أعْمالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. وأشْهَدُ أنْ لا الهَ إلا اللهُ وأشهَدُ أنَّ محمداً عَبدُهُ ورسُولُهُ. يا أيُّها الذينَ آمَنوا اتَّقُوا اللهَ حَقَّ تُقاتِهِ ولا تَمُوتُنَّ إلاّ وأنتُمْ مُسلِمونَ.

يا أيُّها النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ الذي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدَةٍ وخَلَقَ مِنها زَوجَها وبَثَّ مِنهُما رِجَالاً كَثيراً ونِساءً واتَّقُوا اللهَ الذي تَساءَلُونَ بِهِ والارْحَامَ إنَّ اللهَ كانَ عليكُمْ رَقيباً.

يا أيُّها الذينَ آمنوا اتقوا اللهَ وقُولوا قَولاً سَديداً، يُصلِحْ لَكُمْ أعمالَكُمْ ويَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللهَ ورسولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوزاً عَظيماً..

أمَّا بعدُ: فإنَّ اصَدَقَ الحَديثِ كِتابُ اللهِ، وخَيرَ الهَدِي هَدْيُ محمدٍ ﷺ ، وشَرَّ الامُورِ مُحْدَثاتُها، وكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ،وكُلَّ ضَلالةٍ في النَّارِ.

# پێشەکی چاپی یەکەم

ئەمەی لەم نامیلکەدا نووسراوە زنجیرە باسێکی بە سوودە، دەربارەی هەندێ مەسەلەی گرنگ لە بیروباوەڕدا، کە پێویستە منداڵان وگەورەکانیش - ئەگەر نەیزانن - فێر بکرێن پێش ئەوەی قورئان فێر بکرێن، بۆ ئەوەی ئەو منداڵە لە سەر فیترەتی ئیسلام بێت و موەحیدێکی تەواو بێت لەسەر ئیمان و بیروباوەڕی ڕاست و درووست، باسەکە بە شێوەیەکی گشتی بە شێوازی پرسیار و وەڵام ڕێکخراوە، سەرەتا سوودم لە نامیلکەیەکی شێخ (محمد بن عبد الوهاب) بە ڕەحمەت بێت وەرگرتووە بە ناونیشانی: (تعليم التوحيد الصبيان) بەڵام دواتر باسەکەم فراوان کردەوە و لە چەندین سەرچاوەی تری تایبەت بە فێرکردنی بیروباوەڕی ڕاست و درووست بۆ منداڵان سودمەند بووم وزانیاریم لێ وەرگرتن.

لە ڕاستیدا ئێمەی موسوڵمان، لە هەموو سەردەمێکدا بە گشتی و لەم سەردەمەی ئێستاماندا بەتایبەتی، پێویستیمان بۆ تەوحید لەسەرووی هەموو پێویستییەکە، چونکە دڵەکانمان نە سوکناییان

بۆ دێت و نەبەختەوەر دەبن تەنها بە پەرستنی پەروەردگاریان نەبێت.

الله تعالی هەموو پێغەمبەرانی بۆ بانگەواز کردن بۆ تەوحید ڕەوانە کردووە، وەکو خۆی فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَۖ﴾[1].

بۆیە تەوحید کلیلی بانگەوازی پێغەمبەرانە سەڵات و سەلامیان لەسەر بێت و یەکەمین ڕێگەی موسوڵمانە بۆ هاتنە ناو ئیسلام و کۆتا شتە کە موسوڵمان لەسەری لە دونیا دەردەچێت، یەکەمین واجبە و کۆتا واجبە.

لە بانگەوازی پێغەمبەریشدا ﷺ بۆ تەوحید، ئەوەمان بە ڕوونی بۆ دەردەکەوێت چۆن گرنگی بە فێرکردنی بیروباوەڕی ڕاست داوە بۆ منداڵان بە شێوازێکی ڕوون و ئاسان، بۆیە پێویستە لە سەر هەموو موسوڵمانان، دایکان و باوکان، مامۆستایان و پەروەرشیاران، کۆشش بکەن عەقیدەی ڕاست و درووست بە شێوەیەکی سووك و ئاسان بە جگەر گۆشەکان

(١)النحل :٣٦

بگەیەنن، بە تایبەتی لەم ڕۆژگارەی خۆماندا کە گومان و فیتنە و هەوڵی لە خشتەبردنی موسوڵمانان لە زیاد بووندایە و تەکنەلۆژیای سەردەم بۆ ئەو مەبەستە بە کار دەهێنن، منداڵانیش لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و یاری ئەلیکترۆنی و فیلمە کارتۆنییەکانەوە هەوڵ دەردرێت لە عەقیدەی ئیسلام دوور بخرێنەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە بەداخەوە عەقیدەی تەوحید بە واتاو چەمکە گشتگیرەکەی، لەناو موسوڵماناندا تەواو لاواز بووە و واقیعێکی نەخوازراوی نوێ دروست بووە، کە تەوحید و بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە لایەنی حاکمیەت وئولوهیەتی اللە ەوە هەیە و بەتایبەتیتر چەمکی (الولاء و البراء) واتە:خۆشویستن و ڕق لێبوون لە پێناو پەروەردگاردا ، ئەو چەمکە بە ڕێژەیەکی زۆر لە ناو موسوڵماناندا کاڵ بووەتەوە.

فێرکردنی عەقیدەی ڕاست و درووست بۆ منداڵان – وەکو توێژەرێکی موسڵمان دەڵێت -گرنگی زۆری هەیە، لەوانە:

١- پەیڕەوی کردنە لە مەنهەجی پێغەمبەران علیهم الصلاة و السلام، (یَا بُنَيَّ ارْكَب مَّعَنَا وَلَا تَكُن مَّعَ الْكَافِرِينَ )، واتە:

ڕۆڵەکەم لە گەڵماندا سەرکەوە و مەچۆرە پاڵ بێ باوەڕان.. ﴿وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبْرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ يَٰبَنِيَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ واتە: ئیبراهیم و یەعقوبیش علیهما السلام ڕاسپاردەیان بۆ نەوەکانیان ئەوە بوو، دەست بە ئیسلام و لا إله إلا الله بگرن کە الله تعالى تەنها بەوە ڕازی دەبێت و با لەسەر ئەوەش بن تا ئەم ژیانە بەجی دەهێڵن.

٢- (يَا غُلَامُ إِنِّي أُعَلِّمُكَ كَلِمَاتٍ احْفَظْ اللَّهَ يَحْفَظْكَ احْفَظْ اللَّهَ تَجِدْهُ تُجَاهَكَ إِذَا سَأَلْتَ فَاسْأَلْ اللَّهَ وَإِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ)[١]. واتە: ئەی لاو! چەند وشەیەکت فێر دەکەم، سنوورەکانی پەروەردگار لە ماف و فەرمان و قەدەغەکراوەکانی بپارێزە ئەویش دەتپارێزێت و پشتیوانت دەبێت،کە داوای شتێکت کرد لە الله داوای بکە و هەر لە ئەویش داوای پشتیوانی بکە.

---

(١) أخرجه الترمذي، كتاب صفة القيامة والرقائق والورع عن رسول الله ﷺ (٤/ ٦٦٧)، رقم: (٢٥١٦)، وأحمد (٤/ ٤٠٩)، رقم: (٢٦٦٩).

٣- عەقیدە سەری هەموو زانستەکانە و بنچینەی سەرەکییانە، جا ئەگەر عەقیدە ڕەگی لە دڵی منداڵاندا داکوتا، دەبێتە بناغەیەکی تۆکمە بۆیان و هەموو شتەکانی تر بە دوایدا ئاسان دەبێت.

٤- هەڵەیە کەمتەرخەمی لە گەڵ منداڵان بکرێت و بوترێت ئەوان هێشتا منداڵن بۆ زانینی ئەو پرسانە، چونکە ئەگەر گەورە بوون ڕەنگە نەتوانن فێریان بکەن، (ابن القیم) بە ڕەحمەت بێت دەفەرموێت: (فَمَنْ أَهْمَلَ تَعْلِيم وَلَده مَا يَنْفَعهُ وَتَرَكَهُ سُدىً فَقدْ أَسَاءَ إِلَيْهِ غَايَةَ الْإِسَاءَة وَأَكْثرُ الْأَوْلَادِ إِنَّمَا جَاءَ فَسادُهُمْ من قِبَلِ الْآبَاء وإهمالِهِمْ لَهُم وَترك تَعليمهمْ فَرَائضَ الدّين وسُنَنَهُ فأضاعُوهُمْ صِغَارًا فَلمْ يَنتَفِعوا بِأَنْفسِهِم وَلم ينفعوا آبَاءَهُم كبارًا).[1] واتە:سەبارەت بە فێرکردنی منداڵ ئەو شتەی کە سوودی بۆیان هەیە، هەرکێ کەمتەرخەمی بکات و پشت گوێیان بخات، ئەوە ئەوپەڕی خراپەی لەگەڵ کردوون، خراپی منداڵانیش زۆر جار لە پشت گوێ خستنی باوکان و

(١) تحفة المودود بأحكام المولود، دار الفكر – عمان، تحقيق عبد اللطيف الفواعير، ١٩٨٨، ص ١٩٨.

فێرنەکردنــی فەرزو ســوننەتەکانی دیــن بــۆ ئەوان ســەرچاوە دەگرێت، کە باوکان منداڵەکانیان لە کاتی منـداڵی پشـت گـوێ دەخەن، ئیتر ئەوانیش نە خێر لە خۆیان دەبینن و نە بـۆ بـاوك و دایکیشیان خێریان دەبێت.

٥- گرنگیدان بە پەروەردەی منـداڵان پاراسـتنە بـۆ ئوممـەتی ئیسلام، چونکە منـداڵان نـەوەی کاریگـەری دوارۆژن، پیاوێـك کۆمەڵە منداڵێکی بە دەوری ئەعمەشدا بە ڕەحمـەت بێـت بینـی پێی وت ئەو منداڵانـە بـۆچی لـە دەورتـن؟ پێـی وت: وس بـە! ئەوانە سبەینێ دینەکەت دەپارێزن؟

٦- زۆری ئــەو بەرنامــە بیــنراو بیســتراو خوێندراوانــەی بیروباوەڕی منداڵانیان کردووەتە ئامانج، وا دەکات موسـوڵمانان دەرك بــەو پیلانــە بکــەن و لەبەرانبــەردا چەمکــە ڕاســتەکانی بیروباوەڕیان بۆ شی بکەنەوەو بیکەنە بناغەیەکی تۆکمە بـۆ دیـن و دونیایان.

٧- فێرکردنی عەقیدە بۆ منداڵان لە کاتی منداڵیدا، ئاسانترە تا وەکو ئەوەی لە کاتی گەورە بوونیان فێر بکرێن، چونکە عەقیدەی ئیسلامی لە گەڵ فیترەت دەگونجێت و منداڵ بە خۆڕسك وەریدەگرێت.

٨- ئەگەر منداڵان تەوحید و عەقیدە فێر نەکرێن، لە بەرانبەردا لە ڕێگە جیاجیاکانەوە پێچەوانەی ئەوە فێر دەکرێن ، بۆ نموونە ساڵانە چەندین بیروباوەڕی دژ به عەقیدەی ئیسلامی فێردەکرێن دەربارەی بابا نۆئێل و چەندین چەمکی هەڵەی تری ناکۆك لە گەڵ دینەکەیان.

پوختەی گرنگی فێر کردنی عەقیدە بۆ منداڵان و بۆ هەموان ئەوەیە کە ئەوە کار و ئامانجی پێغەمبەران بووە علیهم السلام کەوا عەقیدە پێش عیبادەت و کردەوەکانە، هەورەها دەبێتە مایەی ڕزگاربوون و پاك بوونەوە لە هەموو لادان و گومڕایی و بیدعەیەك لە دیندا، ڕێگای سەرفرازی و دوورکەوتنەوەشە لە فیتنەکانی ئەم سەردەمە کە بەبێ عەقیدەیەکی ڕاست و دامەزراو لەسەر کیتاب و سوننەت مەحاڵە لەو فیتنانە ڕزگارمان بێت و هەر لە ڕێگەی تەوحید و عەقیدەی پاکەوە لە دەتوانین

ڕووبەڕووی ئەو بەرنامەو ڕێچکە و ڕێبازە گومڕاییانەی ئەم سەردەمە ببینەوە و بەبێ فێربوونی عەقیدە ڕاست و درووستیش ناتوانین نەزانین و جەهل لەسەر خۆمان لابدەین، چونکە موسوڵمان ئەگەر هەموو زانستێك بزانێت و تەنها لە زانستی عەقیدەدا نەشارەزا بێت، بە جاهیل ونەفام دادەنرێت و زانستەکانی تری سوودێکی پێ ناگەیەنن.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بڵێم کە ئامانج لە ئەم نامیلکە ئەوەیە وەکو مەتنێك لە لایەن مامۆستایان و باوکان و دایکانەوە بەکار بێت بۆ فێرکردنی تەوحید بۆ منداڵان نەوەکو خۆیان بیخوێننەوە، چونکە تێگەیشتنی ئەم بابەتانە بۆ خۆیان کارێکی دژوارە، مەگەر بۆ هەندێ منداڵی ژیر و خاوەن پێشینەی زانستی جیاواز نەبێت.

داواکارم لە الله تعالی ئەم نامیلکە بکاتە مایەی سوود و، یاد خستنەوەیەك بێت بۆ باوکان و دایکان و مامۆستایان، کە گرنگی پێویست بەم باسە مەزنە بدەن، لەگەڵ تێبینی ئەوەش کە ئەوەی لەم چەند لاپەڕە کەمەدا هاتووە بە تەنها خۆی بەس نییە، بەڵکو

پێویستە ئەو مامۆستایەی کە دەیڵێتەوە شەرحی پێویست و ئاسانکاری یارمەتیدەریان بۆ ئەنجام بدات.

وصلى وسلم وبارك على محمد وعلى اله و صحبه و سلم تسليما كثيرا.

إحسان برهان الدين

١٤٣٩ / ١١ / ٠٦

٢٠١٨ / ٠٧ / ١٩

سلێمانی

# پێشەکی چاپی شەشەم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

تەواو بوونی چەندین چاپ لە نامیلکەی (فێرکردنی تەوحید بۆ منداڵان) کە زیاد لە دوانزە هەزار نوسخەی لێ گەیشتووەتە دەستی خوێنەران و بەردەوام بوونی داواکاریش لەسەری تا ئێستا، نیشانەی ئەوەیە - الحمد لله - کە هەوڵی ئەو بانگخواز و مامۆستایانەی جەخت لەسەر گرنگی تەوحید و عەقیدەی هەلقوڵاو لە کیتاب و سونەت دەکەنەوە بەرووبوومێکی باشی هەبووە و بەڵگەشە لەسەر ئەوەی ئەمڕۆ لەناو گێژاوی تەغریب و ڕێبازە لادەر و تەوژمە فیکرییە گومڕاکاندا ، هێشتا کەسانێکی زۆر هەن کە پەرۆشن عەقیدەی پاك و ڕاست ودرووست لە ناو خێزان و بازنەی نزیك و دووری خۆیاندا بڵاوبکەنەوەو لە منداڵەکانیشەوە دەست پێ دەکەن بۆ ئەوەی هەوڵەکەیان ڕێخۆشکەرێك بێت بۆ درووست بوونی نەوەیەکی داهاتوو لەسەر بنەمای تەوحید و مەنهەجی پاراوی ئەهلی سوننەت و بۆ

ئەوەی پـارێزراو بـن لە ڕێبـازە لادەر و گومڕاکـان کە خـۆڵ بە نرخی زێڕ بە موسوڵمانان دەفرۆشنەوە.

لەم چاپەدا گۆڕانکـاری زۆر لە نـامیلکەکەدا ئەنجـام دراوە، وەکـو دانـانی واتـای ئـایەت و فەرمـوودە و وتەی زانایـان بە کوردی و، هەروەها زیادکردنی دوو بەشـی پێویسـت دەربـارەی ڕۆڵی فیلمە کارتۆنییەکـان لە داڕشـتنی کەسـایەتی منـداڵەکان و درووســت کردنــی کــاریگەری نەرێنــی لەســەر عەقیــدەو بیروباوەڕیـان، هەروەهـا بەشـێکی تـر زیـاد کـراوە دەربـارەی شـێوازی پەروەردە کردنـی پێشـینانی چـاکی ئەم ئـوممەتە بـۆ منداڵەکانیان.

لەم چــاپەدا بەلامەوە گــرنگە ئەوە دووپــات بــکەمەوە کە بایەخدان بە بواری عەقیدەو بیروباوەڕ بە شێوەیەکی گشتی و بۆ منـاڵان بە شـێوەیەکی تـایبەت باسـێکی زۆر گـرنگە و شـایانی ئەوەیە مامۆستایان و باوکان و دایکان بـایەخی شاییسـتەی پـێ بدەن و لە ئاستی ئالنگارییەکاندا بن.

لە راســتیدا ئەم نــامیلکە ڕاســتە بە شــێوەیەکی ســەرەکی ئاراستەی منداڵان کراوە، بەڵام پیویسـتە تێبینـی دوو مەسـەلەی گرنگ بکرێت:

١- تەوحید بنچینەی دینداری هەموو موسوڵمانێکە و بەبێ ئەوە هیچ کردەوەیەکی لێ وەرناگیرێت، جا ناوەرۆکی ئەم نووسراوە بە چڕی بۆ ئەو مەبەستەیە و بۆ منداڵانە، هەروەها بۆ هەموو گەورەیەکیشە کە ئەو ڕاستیانەی نەزانیبێت و نەیخوێندبێت و پێی نەگەشتبێت، کە بەداخەوە زۆربەی گەورەکان وەکو پێویست لەم بابەتە گرنگانەی تەوحید شارەزا نین.

٢- ئەم دانراوە نزیکە لەوەی مەتنێکی زانستی بێت، تاکو ئەوەی کتێبێک بێت بۆ خوێندنەوە، بۆیە پێویستە لە ڕێگەی مامۆستا و پەروەردەکارانەوە بگاتە منداڵان و بۆیان ڕوون بکرێتەوە و بە شێوازی جوان و ئاسان شەرح بکرێت بۆیان.

داواکارم لە الله تعالی ئەم نامیلکە بکاتە توێشووی قیامەت بۆ نووسەرەکەی و بۆ هەرکەسێك کە بەشدار دەبێت لە خوێندەوەو وتنەوە و گەیاندنی واتاکانیدا.

وصلی الله وسلم وبارك علی محمد وعلی آلە و سلم تسلیماً کثیراً.

إحسان برهان الدین

٢١ ذو القعدة ١٤٤٤/ ١٠ حزیران ٢٠٢٣

سلێمانی

# بەشی یەکەم

## پەروەردگارت کێیە و چۆن دەیناسیتەوە؟

ئەگەر پرسیارت لێ کرا:

**١- پەروەردگاری تۆ کێیە؟**

لە وەڵامدا بڵێ: پەروەردگارم الله یە. [١]

**٢- ئەی واتای (رَبّ) پەروەردگار چییە؟**

لە وەڵامدا بڵێ:

(المالِكُ المَعبودُ المُعِينُ) واتە: خاوەن و پەرستراو و یارمەتیدەرە.

---

(١) وشەی (خوا، خودا) ئەگەرچی هەندێ لە زانایان وەکو وەرگێڕانێک بەرانبەر وشەی الله بە درووستیان زانیوە بەکاربێت، بەڵام بێگومان باشترە لە جیاتی ئەوە وشەی مەزنی (الله) بەکار بێت، چونکە خودا وشەیەکە بە وردی و بە دڵنیایی نازانرێت سەرچاوە و واتای چییە و جگە لە کورد لەلایەن شوێنکەوتوانی چەندین ئایینی درووست کراوی مرۆڤەکان لە هیندستان و جێگای تر بەکار دەبرێ، بۆیە خۆمان و منداڵەکانمان لەسەر بەکارنەهێنانی ڕابهێنین باشترە.

الله... خاوەنی پەروەردگارێتی وپەرەستراوێتییە بە سەر هەموو دروووستکراوەکانیدا.

**٣- ئەگەر پێت وترا ..بە چی پەروەردگارت دەناسیتەوە؟**

لــە وەڵامــدا بڵــێ: بــە نیشــانەو بــە دروووســتکراوەکانیدا دەیناسمەوە.

لە نیشانەو ئایەتـەکانی پـەروەردگار: شـەو و ڕۆژ و خـۆر و مانگــــە، لــــە دروووستکراوەکانیشــــی: ئاســــمانەکان و زەوی و هەرچیش کە لە ناویاندایە.

بەڵگەش لەسەر ئەوە الله تعـالى فەرمـوویەتی: ﴿ إِنَّ رَبَّكُـمُ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَـلَى الْعَـرْشِ يُغْشِي اللَّيْـلَ النَّهَـارَ يَطْلُبُـهُ حَثِيثًـا وَالشَّـمْسَ وَالْقَمَـرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِـأَمْرِهِ ..﴾[١] . واتە: خەڵکیـنە پەروەردگـاری ئێوە اللـە یە کە لە نەبـوون ئاسـمانەکان و زەوی لە شـەش ڕۆژدا هێناوەتە بوون، ئینجا بەرز بووەتەوە سـەر عەرشـدا بە شـێوەیەك کە شیاو بێت لەگەڵ مەزنی خۆیدا، تاریکی شەو بە روناکی رۆژ

(١) الاعراف:٥٤

لادەبات، شـەو و ڕۆژ بە دوای یەکـتردا دێـن، خـۆر و مانـگ و ئەستێرەکان هەمووی لەژێر دەسەڵاتی الله ن.

**٤- ئەگەر پرسیارت لێ کرا: الله بۆچی تۆی درووست کردووە؟**

لە وەڵامدا بڵێ: بۆ پەرستنی خۆی بە تاك و تەنها و بێ هاوبەش دانان و گوێڕایەڵی کردنی بە ئەنجامدانی ئەوەی کە فەرمانی پێکردووەو، خۆ بە دوور گرتن لەوەی قەدەغەی کردووە، وەکو خۆی فەرموویەتی: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ [١] واتە: جنۆکەو مرۆڤەکانم بۆ ئەوە درووست کردووە فەرمانیان پێ بکەم بمپەرستن نەوەکو پێویستیم پێیان بێت.هەروەها فەرموویەتی: ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ﴾ [٢] واتە: هەر کێ لەگەڵ الله کەسێکی تر بپەرستێت،لەسەر ئەو کارەی الله تعالی بەهەشتی لێ قەدەغە دەکات و لە دۆزەخدا جێگیری دەکات. شیرك یش ئەوەیە هاوشێوەیەك بۆ الله دابنێت و هاواری پێ بکات، تکای

(١). الذاريات:٥٦.

(٢) المائدة:٧٢

لێ بکات و ئومێدی بە الله هەبێت و لێی بترسێت و پشتی پێ ببەستێت و ڕووی تێ بکات بە جیا لە الله تعالی، یان هەر جۆرێکی تر لە عیبادەت، چونکە وشەی (العبادة) ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو گوفتار و کردارێکی شاراوەو دیار کە الله تعالی حەزی لێ دەکات و پێی رازییە، وەکو نزا کردن و پاڕانەوە، الله تعالی فەرموویەتی:﴿وَأَنَّ ٱلْمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُواْ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا﴾.[1] . واتە: مزگەوتەکان تەنها بۆ پەرستی الله ن، نابێت کەسی تری لەگەڵدا بپەرستن، پاڕانەوەو پەرستنتان با تەنها بۆ الله بێت.

بەڵگەش لەسەر ئەوەی هاوار کردن و پاڕانەوە لە غەیری الله بێ باوەڕیی و بەری بوونە لە ئیسلام، فەرموودەی الله تعالی خۆیەتی: ﴿وَمَن يَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرْهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾.[2] واتە: هەرکێ لەگەڵ پەروەردگاری تەنها و تاقانە کەسێکی تر بپەرستێت و هاوای پێ بکات کە هیچ بەڵگەیەکی نییە لەسەر

(١) الجن: ١٨.

(٢) المؤمنون:١١٧.

شایيستە بوونی ئەو کەسە بۆ پەرستن و هانا بۆ بردن، پاداشتی ئەو لەسەر ئەو کارە خراپەی لە ڕۆژی دواییدا لەلای پەروەردگارێتی، بێ باوەڕان لە ڕۆژی قیامەتدا دەرباز بوون و رزگاربوونیان نییە

چونکە نزاو پاڕانەوە لە گەورەترین جۆرەکانی عیبادەتە، نابێت بۆ کەسێکی تر جگە لە الله ئاراستە بکرێت.

وەکو پەروەردگارمان فەرموویەتی: ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾.[١] ، واتە: پەروەردگاری ئێوە فەرموویەتی: ئەی بەندەکانم، تەنها بانگ لە من بکەن و بەتایبەت من بپەرستن وەڵامتان ئەدەمەوە، ئەوانەی کە خۆ بە زلزانن لەوەی بمپەرستن، بەسەر شۆڕی دەچنە دۆزەخەوە. لە فەرموودەیەکی صحیح یشدا هاتووە: (إنّ الدُّعاءَ هو العِبادَة).[٢] واتە: نزاو پاڕانەوە عیبادەتە.

(١) غافر: ٦.

(٢) "أحمد" في "المسند" (١٨٣٥٢)، و"البخاري" في "الأدب المفرد" (٧١٤).

**پرسیار:** یەکەمین شت چییە کە الله تعالی لەسەر بەندەکانی فەرزی کردووە؟

**وەڵام:** یەکەمین شت کە الله تعالی لەسەر بەندەکانی فەرزی کردووە ئەوەیە نکوڵی لە تاغوت بکەن و عیبادەتکردنی ڕەت بکەنەوە،

الله تعالی فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُوا۟ ٱلطَّٰغُوتَ﴾[١]. واتە: لە هەموو ئوممەتێك لە ئوممەتانی پێش ئێوە، پێغەمبەرێکمان ناردووە و فەرمانی پێ کردوون کە تەنها الله بپەرستن و لە پەرستنی شەیتان و بت و مردووەکان خۆتان بە دوور بگرن.

تاغوت هەر کەسێکە یان هەر شتێکە یان هەر ڕێبازو بەرنامەیەکە لە گەڵ الله بپەرسترێت، یان واتای شەیتان و جادووگەر و فاڵگرەوەو ڕمڵ لێدەر و ئەو کەسەی بە غەیری قورئان حوکم بکات دەگرێتەوە.

(ابن القيم) رحمه الله فەرموویەتی: (الطاغوت: كل ما تجاوز به العبد حده من معبود أو متبوع أو مطاع ) واتە:

---

(١) النحل:٣٦.

طاغوت بریتییە لە هەموو شتێك بەندە ئەو شتە لەسنووری خۆی دەربكات، پەرستراو بێت یان شوێنكەوتوو و پەیڕەوكراو.

**پرسیار:** حوکمی ئەو کەسە چییە کە سوکایەتی وگاڵتە بە الله و دینەکەی و پێغەمبەرەکەی ﷺبکات؟

**وەڵام:** هەرکەسێك جنێو بدات، یان سوکایەتی بە پەروەردگار و ئیسلام و پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرانی بکات علیهم الصلاة والسلام، بەو کردارەی لە دین دەردەچێت و پەیوەندی بە ئیسلامەوە نامێنێت، الله تعالى فەرموویەتی: ﴿قُلۡ أَبِٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمۡ تَسۡتَهۡزِءُونَ * لَا تَعۡتَذِرُواْ قَدۡ كَفَرۡتُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡۚ ﴾.(١) واتە: پێیان بڵێ ئەی ڕەسول: ئایا بە الله و ئایەتەکانی و پێغەمبەرەکەی گاڵتەو سووکایەتیتان دەکرد؟ داوای لێبوردن مەکەن چونکە بەو گاڵتە کردنەتان بە الله و ئایین و پێغەمبەرەکەی ﷺکافر بوون دوای ئەوەی کە ئیماندار بوون.

(١) التوبة:٦٥.

**پرسیار:** حوکمی ئەو کەسە چییە جنێو بە ڕۆژگار و زەمانە بدات؟

**وەڵام:** درووست نییە بۆ موسوڵمان جنێو بە زەمانە بدات، یان نەفرەتی لێ بکات، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ فەرموویەتی: (يُؤْذِينِي ابْنُ آدَمَ يَسُبُّ الدَّهْرَ وَأَنَا الدَّهْرُ بِيَدِي الْأَمْرُ أُقَلِّبُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ).(١) واتە: نەوەی ئادەم ئازارم دەدەن بەوەی کە شتی ناشایستە دەدەنە پاڵم، جنێو بە ڕۆژگار و زەمانە دەدەن، کاتێك تووشی ناخۆشییەك دەبن وەکو مردنی ئازیزێك یان زیانێکی مادی، یان کە پیر دەبن، دەڵێن ڕووی زەمانە ڕەش بێت، یان تف لەو ڕۆژگارەی کە وای لێکردین،(والعیاذ باللە)، اللە دەفەرموێت: لە کاتێکدا هەموو خێرو شەڕێك بە دەستی منە ومن خالیقی زەمانە و ڕۆژگارم و شەو و ڕۆژ و هەموو شتێك اللە تعالی خۆی بەڕێوەی دەبات.

(١) ( البخاري:٤٨٢٦، مسلم: ٢٢٤٦ ).

(ابن القيّم) فەرموویەتی: جنێودانی موسوڵمان بە زەمانە لە دوو حاڵەت بەدەر نییە:

یەکەم: ئەگەر وا بزانێت زەمانەش لەگەڵ الله کاریگەری هەیە لە ڕوودانی ئەو شتانە، بەوە موشرێك دەبێت واتە: هاوەڵی بۆ الله بڕیار داوە.

دووەم: ئەگەریش باوەڕی وابێت کە الله تەنها خۆی توانای زیان و سوود و ژیان و مراندنی هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا جنێو بە ڕۆژگار و کات دەدات، ئەوە وەکو ئەوەیە جنێوی بە اللە دابێت.(١)

(١) بڕوانە: ( زاد المعاد لابن القيم جـ ٢ صـ ٣٥٥).

**پرسیار:** حوکمی کەسێك چییە کە سوێند بخوات بە پێغەمبەر ﷺ، یان بە باوك و دایکی، یان بە کەعبە، یان بە تەڵاق و شتی تری هاوشێوە؟

**وەڵام:** سوێند خواردن بە هیچ شتێك لەوانە درووست نییە و ڕێگە پێدراو نییە، هەرکێیش ئەو کارە بکات تاوانی هاوبەش دانانی بچووك ( الشرك الأصغر) ی ئەنجام داوە، پێغەمبەر ﷺفەرموویەتی: (مَنْ حَلَفَ بِغَيْرِ اللَّهِ فَقَدْ أَشْرَكَ).(١) واتە: هەرکێ سوێند بە غەیری الله بخوات ئەو کەسە هاوبەشی بۆی بڕیار داوە.

**پرسیار:** ئایا درووستە بۆ خۆ پاراستن لە چاو و ئیرەیی، چاوەزار یان هەر شتێکی تر، بۆ منداڵ یان بۆ گەورە، یان لە پێشەوەی سەیارەو ماڵ و دوکان هەڵواسرێت؟

**وەڵام:** هەموو ئەوانەی کە لە پرسیارەکەدا هاتووە لە چاوەزار و ئەو نووسینانەی کە فاڵچی و دەجال و ساحیرەکان بۆ ئەو مەبەستانە بۆ خەڵك دەینووسن، حەرامە و قەدەغە کراوە و دەچێتە بازنەی شیرك و هاوبەش بۆ الله دانان،

(١) ( صحيح أبي داود للألباني : ٢٧٨٧ )

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ( إِنَّ الرُّقَى وَالتَّمَائِمَ وَالتِّوَلَةَ شِرْكٌ).(١) واتە: الرقية ( کە بریتییە لەو نووسینانەی کە ناوی شەیتان، یان وشەیەکی کوفرو شیرکی تێدا بێت، یان وشەو واتایەکی ناڕوونی تێدا بێت مەعناکەی نەزانرێت)، هەروەها التّميمة ( کە بریتییە لەو شتەی کە هەڵدەواسرێت وەکو چاوەزار و مورو و شتی هاوشێوە، بە مەبەستی پارێزگاری لە چاو و حەسوودی) هەروەها التِّوَلَةَ ( کە جۆرێکە لە سیحرو و جادوو بۆ خۆشەویست کردنی ژن لەلای مێردەکەی، یان دەزوویەکە شتی پێدا دەخوێنن بۆ خۆشەویست کردنی کەسێك و شتی هاوشێوە)، هەموو ئەوانە شیرکە و خاوەنەکەی هاوبەشی بۆ پەروەردگاری ئەنجام داوە.

(١) بڕوانە:( صحيح أبي داود للألباني حديث ٣٢٨٨).

# بەشی دووەم

# ئیسلام وبنەماکانی

**ئەگەر پرسیارت لێ کرا: ئایینت چییە؟**

**لە وەڵامدا بڵێ:** ئیسلام ئایینمە.

ئیسلام واتە: خۆ بە دەستەوەدان بۆ الله بە تەوحید و بە ملکەچ کردن و گوێڕایەڵی کردن و خۆشویستنی موسوڵمانان و ڕق لێبوونی موشریکان و ئەوانەی هاوبەش بۆ الله بڕیاردەدەن.

الله تعالی فەرمووەتی: ﴿إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُۗ﴾[1] واتە: اللە تعالی جگە لە ئیسلام هیچ دینێك لە کەس وەرناگرێت، هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ﴾[2]. ، واتە: هەرکەسێك بیەوێت بچێتە سەر دینێك غەیری دینی ئیسلام لێی وەرناگیرێت.

(١) آل عمران:١٩.

(٢) آل عمران: ٨٥.

لە فەرموودەی صحیح یشدا لە ڕەسول الله هاتووە ﷺکە فەرمویەتی: (تشهد أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله، وتقيم الصلاة، وتؤتي الزكاة، وتصوم رمضان، وتحج البيت إن استطعت إليه سبيلا) واتە: شایەتمان بهێنێت واتە: بڵێیت أشهد أن لا إله إلا الله و أشهد ان محمداً رسول الله)[١] و مافەکانیشیان بدەیت و نوێژ بە ڕێك و پێکی بکەیت و زەکاتی ماڵەکەت دەربکەیت وڕۆژووی ڕەمەزان بگریت ئەگەر توانات هەبوو، حەجی یش بکەیت.

( لا إله إلا الله) واتە: هیچ پەرستراوێك (بە حەق) نییە جگە لە الله نەبێت، وەکو الله تعالی فەرموویەتی: (﴿وَإِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوۡمِهِۦٓ إِنَّنِي بَرَآءٞ مِّمَّا تَعۡبُدُونَ ٢٦ إِلَّا ٱلَّذِي فَطَرَنِي فَإِنَّهُۥ سَيَهۡدِينِ ٢٧ وَجَعَلَهَا كَلِمَةَۢ بَاقِيَةٗ فِي عَقِبِهِۦ لَعَلَّهُمۡ

(١) گرنگە مامۆستا بایەخ بدات بەوەی کە (لا إله إلا الله) هەر وشەیەك نییە بوترێت و تەواو، تەنها گوفتار نییە بەڵکو کرداریشە و پەیوەندی بە دڵ و بە زمان و بە ئەندامەکانیشەوە هەیە ،گرنگە باسی پێناسە و مەرج و هەلوەشێنەرەکانی بکرێت، وەکو لەم نامیلکەشدا بە کورتی ئاماژەی پێ کراوە.

﴿يَرْجِعُونَ ٢٨﴾[١] ، واتە: یادیـان بـخەرەوە کاتێـك ئیبراهـیم علیـە السـلام بە بـاوکی و قەومەکەی فەرمـوو: مـن ڕقـم لەو پەرستراوانەیە کە ئێوە دەیانپەرستن وخۆمیان لێ بە دوور دەگرم ودژایەتـی ئەنجامـدەرانیان دەکەم،جـگە لە خـالق و پەروەرێـنم نەبێت کە یارمەتیم دەدات بۆ ڕێگای راست و وشەی (لا إله إلا الله)شی لە نەوەکانی دوای خۆی هێشتەوە.

بەڵگەش لەسەر فەرزبوونی نوێژو زەکات فـەرموودەی اللـە یە لە قورئاندا: ﴿وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ وَيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُواْ ٱلزَّكَوٰةَۚ وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلۡقَيِّمَةِ ٥﴾[٢]، واتە: ئەوان فەرمانیـان پـێ نەکـراوە جـگە لەوە نەبێت کە پەرستنیان تەنها بۆ الله بێـت و هـیچ هاوبەشـێکی بـۆ ئەنجام نەدەن و نوێژەکانیان بە ڕێکی و بە جوانی ئەنجام بدەن و زەکـاتی ماڵەکانیـان بـدەن و ئەوە ڕێگـای ڕاسـتە. ئایەتەکـە بـە تەوحید و نکۆڵی کردن لەوانە دەستی پێکردووە کە هاوبەش بـۆ

(١) الزخرف: ٢٦-٢٨.

(٢) البينة: ٥.

الله دادەنێن و بە دوایدا فەرمانی بە ڕێك و پێك ئەنجامدانی نوێژ و دەرکردنی زەکات کردووە، ئەوەش ڕێگای ڕاستە کە بریتییە لە دینی ئیسلام.

مەزنترین شت الله فەرمانی پێ کردبێت تەوحیدە و گەورەترین شتیش قەدەغەی کردبێت و نکۆڵی لێکردبێت شیرك و هاوبەش دانانە بۆ الله، ئینجا فەرمانی کردووە بە ئەنجامدانی نوێژ و دەرکردنی زەکات، ئەمەیە زۆربەی ئاینی ئیسلام و شتەکانی تر لە شەریعەتدا پاشکۆی ئەمانەن.

بەڵگەش لەسەر ئەوەی ڕۆژوو فەرزە فەرموودەی الله تعالی یە لە قورئاندا: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ١٨٣﴾[1]، واتە: ڕۆژوومان لەسەرتان فەرز کردووە وەکو چۆن لەسەر ئەوانەی پێش ئێوەمان فەرز کردووە بۆ ئەوەی حەزو شەهەوەتی خواردن و ئافرەت لەلاتان بشکێنێت.. تاکو دەگاتە: ﴿شَهْرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلْقُرْءَانُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَٰتٍ مِّنَ

(١) البقرە ١٨٣

ٱلۡهُدَىٰ وَٱلۡفُرۡقَانِۚ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهۡرَ فَلۡيَصُمۡهُۖ ﴾[١] ، واتە: مانگی ڕەمەزان ئەو مانگەی کە قورئانی پیرۆزی تێدا دابەزیوە وڕێنوێنییە لە گومڕایی و ئاماژەی ڕوونی تێدایە لەسەر حەڵاڵ و حەرام، جا هەرکێ گەیشتە ڕەمەزان و لەسەفەردا نەبوو با ڕۆژوو بگرێت.

بەڵگەش لەسەر فەرز بوونی حەج فەرموودەی الله تعالى یە لە قورئاندا: ﴿وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلۡبَيۡتِ مَنِ ٱسۡتَطَاعَ إِلَيۡهِ سَبِيلٗاۚ﴾[٢] ،واتە: حەجکردن بۆ ئەوانەی کە توانایان هەیە،مافێکی الله یە لە گەردنی خەڵکیدا.

(١) البقرة: ١٨٥.

(٢) آل عمران:٩٧.

# بەشی سێیەم

# بنەماکانی بیروباوەڕ

بنەماکانی بیروباوەڕ و ئیمانیش بریتین لە شەش بنەما:

**١- باوەڕ هێنان بە الله:**

- بە بوونی و بیرکردنەوە لە دروستکراوەکانی و وردبوونەوە لەو فیترەتەی لە ناخی مرۆڤەکاندا هەیە بۆ دۆزینەوەی پەروەردگاریان و، تەماشاکردنی زەوی و ئاسمان وسوڕانەوەی ئەستێرە و هەسارەکان لە خولگەکانیاندا و، شەو و ڕۆژ وباو باران و هەورە بریسکە و ڕووەك وتەواوی دروستکراوە مەزنەکانی تری و هاوسەنگی و ڕێك وپێکی گەردوون.

- هەروەها باوەڕهێنان بە پەروەردگارێتی ودرووستکردنی بۆ گیان لەبەران و زەوی و ئاسمانەکان .

- باوەڕهێنان بە ئولوهییەتی وپەرستنی و حوکم کردن بە شەریعەتەکەی.

- هەروەها باوەڕهێنان بەناوە جوان و سیفەتە بەرزەکانی.

- باوەڕهێنان بەوەی کە الله تاك و تەنها و بێ وێنەیە لە ئولوهیەت و پەروەردگارێتی و ناوو سیفەتەکانیدا، هیچ کەسێك

نییە هاوبەشی بێت. وەکو خۆی فەرموویەتی: ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١﴾.[١]

- هەروەها الله بەتەنها خۆی جێگای مەبەست و هانا بۆ بردنە بۆ جێبەجێکردنی نیاز و پێویستی بەندەکانی، وەکو فەرموویەتی: ﴿ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ﴾.[٢]

- الله تعالى نە لە کەس بووە و نە کەسیشی لێ دەبێت، نە کوڕ و نە باوك و نەهاوسەری هەیە. وەکو فەرموویەتی: ﴿لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ ۝٣﴾.[٣]

- الله تعالى نە لە ناوەکانی، نە لە سیفەتەکانی، نە لە کردارەکانی، هاوشێوەو هاوتای نییە، وەکو خۆی فەرموویەتی: ﴿وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ۝٤﴾.[٤]

---

(١) الإخلاص: ١.

(٢) الأخلاص:٢.

(٣) الإخلاص:٣

(٤) الإخلاص:٤.

- الله تعالى نە لە زات و نە لە ناو و سیفات وکردارەکانیدا لە دروستکراوەکانی خۆی ناچێت، وەکو فەرموویەتی: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞ﴾.[1]

٢- **باوەڕ هێنان بە مەلائیتەکان:** بە هەموو ئەوەی اللە و پێغەمبەرەکەی دەربارەی ئەوان فەرموویانە سەبارەت بە ناو و سیفەت و کردارەکانیان. اللە تعالی فەرموویەتی: ﴿وَإِنَّ عَلَيۡكُمۡ لَحَٰفِظِينَ ١٠ كِرَامٗا كَٰتِبِينَ ١١﴾.[2] واتە: ئەو مەلائیکەتانە پارێزگارن بۆ ئێوە، بەرێزن نووسەرن بۆ کردەوەکانتان.

مەلائیکەتەکان خاوەن لاشەی زۆر گەورەو بەتوانان، باڵیان هەیە وزۆر خێران، هیچ نیازێکیان بە خواردن و خواردنەوەش نییە، نە نێرینەو نە مێینەیان پێ ناوترێت، توانای لە ئاسابەر و لەڕادەبەدەریان هەیە، نە بێزار دەبن و لاواز دەبن، توانایان هەیە لە وێنەی مرۆڤدا خۆیان وینا بکەن.

(١) الشورى: ١١.

(٢) الإنفطار: ١٠-١١.

مەلائیکەتەکـــان لە ڕونـــاکی درووســـت کـــراون، هەرگیـــز سەرپێچی فەرمانی الله نـاکەن و ئەوەی فەرمانیـان پـێ بکرێـت جێبەجێـی دەکەن، جیبریـل مەلائیکەتـی وەحـیە و، میکائیـل مەلائیکەتـی بـارانە و، ئیسرـافیل ڕاسـپێدراوە بە فـووکردن بە کەڕەنـادا، (رضـوان)[1] خـازنی بەهەشـتە و، (مالـك) خـازنی دۆزەخە و، (ملك المـوت) مەلائیکەتـی گیـان کێشـانە و جێگیـر نەبووە کە هیچ ناوێکی هەبێت.

بـــاوەر هێنـــان بە مەلائیکەتەکـــان بەشـــێکە لە عەقیـــدەو بیروباوەری موسـولْمان کە بەبـێ ئەوە پێـی ناوترێـت موسـولْمان، هەمـوو ئەمـانەش بەڵـگەی ڕاسـت و درووسـتی لە کیتـاب و سوننەت لەسەرە.

باوەڕهێنان بە کتێبەکانی الله: ئەمەش باوەڕ هێنـان بە هەمـوو ئەو کتێبـــانەی پەروەردگـــار دایبەزانـــدوون دەگـــرێتەوە، ئەوەی زانیومانە و ئەوەشـی کە زانسـتمان پێـی نەگەیشـتووە، ئەوەی کە

(١) ناوی (رضوان) لە قورئان و لە سوننەتی سـەحیحدا جێگیـر نەبـووە، بەڵکو بە (خازن) ی بەهەشت وەسـف کـراوە و لە هەنـدێ فەرمـوودەی لاوازدا و لەلای هەندێ لە ئەهلی عیلم بەو ناوە ناسراوە.

الله تعالی ئاگاداری کردوینەتەوە دەربارەیان: تەورات و ئینجیل و زەبورە، هەروەها قورئـانە کە باشـترینیانە و باسـی کتێبەکـانی تری تێدا هاتووە و زاڵە بەسەر یاندا و موسوڵمان دەبێت بـاوەڕی وا بێت کە قورئانی پیرۆز هەموو ئەوەی کە لە کتێبەکـانی پـێش خۆیـدا هـاتووە لە خـۆی گرتـووە و پـاك و پـاراوە لە هەمـوو دەسـتکاری و شـێواندنێك و بەدابەزینـی قورئـانیش هەمـوو کتێبەکـانی پـێش خـۆی نەسـخ کـردووەتەوە و نیـازێکی پێیـان نەهێشتووە..

هەروەها دەبێت باوەرمان وابێت، هیچ یەکێك لەو کتێبـانەی پـێش ئیسـلام کە بـۆ پێغەمبەرانـی تـر دابەزیـون وەکـو خۆیـان نەماون و دەستکاری کراون.

٣- **باوەڕهێنان بە پێغەمبەرەکان:** ژمارەی ئەو پێغەمـبەرانەی کە لە قورئانی پیرۆزدا ناویان هاتووە بیست و پێـنج پێغەمـبەرن، یەکەمیان (نوح) و کۆتاو خاتەمیان (محمد)ە صـلی اللـه علـیهم وسلم، پێنج لەوان بە (أولو العزم) ناسراون، کە بریتین لە: نـوح، إبراهیم، موسی، عیسی ابن مریم، محمد، صـلوات اللـه وسـلامە عیهم، باوەڕ هێنان بە پێغەمبەران دوو باسی لێ دەبێتەوە:

یەکەم: باوەڕهێنان بە شێوەیەکی گشتی بە نێردراوانی الله، چی ئەوانەی کە بەسەرهاتیانی بۆ گێڕاوینەتەوەو، چی ئەوانەش

که بۆی نەگێڕاوینەتەوە، الله تعالى لە قورئاندا فەرموویەتی: ﴿وَرُسُلٗا قَدۡ قَصَصۡنَٰهُمۡ عَلَيۡكَ مِن قَبۡلُ وَرُسُلٗا لَّمۡ نَقۡصُصۡهُمۡ عَلَيۡكَۚ وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ تَكۡلِيمٗا ١٦٤﴾.[١] واتە: پێغەمبەرانێك کە بەسەرهاتەکانمان بۆ گێڕاونەتەوە وبەسەرهاتی هەندێکیشمان بۆ نەگێڕاونەتەوە، الله تعالى بە قسەکردن قسەی لەگەڵ موسا کردووە.

دەبێت باوەڕمان وا بێت کە الله تعالى ئەو پێغەمبەرانەی ڕەوانە کردووە و بەتەوحید و پەرستنی تەنها خۆی و دورکەوتنەوە لە شیرك فەرمانی پێ کردوون.

دووەم: باوەڕهێنانێکی شیکراوە و گشتگیر بە هەموو ئەو پێغەمبەرانەی الله تعالى بەسەرهاتەکانی بۆ گێڕاوینەتەوە و باوەڕمان بە هەموو هەواڵ و وردەکارییەك لەو بارەوە هەبێت.

٤- **باوەڕهێنان بە ڕۆژی دوایی:** کە مەبەست پێی ڕۆژی قیامەتە کە ئەوە هەموو شتێك پاش مردن دەگرێتەوە، وەکو سزا و خۆشی ناو گۆڕ و هەموو ئەو ڕووداوانەش کە لە دوای

(١) النساء:١٦٤.

ئەوەوە دێت، وەکو زیندوو بوونەوە وحەشر و دەرکەوتنی نامەی کردەوەکان و دانانی تەرازوو و بەهەشت و دۆزەخ.

٥- **باوەرهێنان بە چاکە و خراپەی قەدەر:** دەبیت باوەڕمان وا بێت الله تعالی هەموو شتێکی دروستکراوەکانی خۆی و هەموو شتێکیش کە لە داهاتوودا دەبێت و ڕوو دەدات نووسیوە.

باوەرهێنان بە قەدەر چوار پلەو پایەی هەیە:

یەکەم: باوەڕ هێنان بە زانستی الله کە لە پێش هەموو شتێکەوە بووە.

دووەم: باوەڕهێنان بەوەی کە هەموو شتێك کە دەبێت و ڕوودەدات بە قەدەرو ڕازیبوونی الله خۆی دەبێت.

سێیەم: باوەڕهێنان بە ویستی الله بە شێوەیەکی گشتی، کە هیچ شتێك نیيە ڕووبدات لە دەرەوەی ویستی خۆی، ئەوەی ویستی لەسەر هەبێت دەبێت و ئەوەی ویستی لەسەر نەبێت نابێت.

چوارەم: باوەڕهێنان بەوەی الله تعالی بەدیهێنەری هەموو شتێکە.

بەڵگەی ئەم شەش کۆڵەکەی ئیمانە لە قورئاندا هاتووە، الله تعالی فەرموویەتی: ﴿لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ

ٱلۡمَشۡرِقِ وَٱلۡمَغۡرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلۡبِرَّ مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلۡكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ﴾.[(١)]، واتە: چاکە لەلای اللە ئەوە نییە لە نوێژکردندا ڕوو لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بکرێت ئەگەر بەفەرمان و شەرعی اللە نەبێت، بەڵکو هەموو چاکەیەك بریتییە لەوەی باوەڕدار باوەڕ بە اللە بهێنێت و بەتەنها و بەبێ شەریك و هاوبەش بیپەرستێت و باوەڕ بە ڕۆژی زیندوو بوونەوەو پاداشت بهێنێت و بەهەموو مەلائیکەتەکان و بە هەموو ئەو کتێبانەی کە دایبەزاندوون و باوەڕ بە سەرجەم پێغەمبەران بهێنێت بەبێ جیاوازی.

بەڵگەی قەدەریش لە قورئاندا: ﴿إِنَّا كُلَّ شَيۡءٍ خَلَقۡنَٰهُ بِقَدَرٖ﴾.[(٢)] واتە: ئێمە هەموو شتێکمان بە ئەندازەیەکی دیاریکراو بڕیارمان لەسەر داوە و پێشتر زانستمان لەسەری بووە و لە (اللوح المحفوظ)دا نووسیومانە.

هەروەها لە فەرموودەی صحیح دا هاتووە لە هەردوو صحیح ی بوخاری و موسلیم دا کە عومەری کوڕی خەتتاب اللە لێی

(١) البقرة: ١٧٧.

(٢) القمر:٤٩.

ڕازی بێت دەیگێڕێتەوە و دەست پێ دەکات بە: " بَيْنَمَا نَحْنُ جُلُوسٌ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ ذَاتَ يَوْمٍ، إِذْ طَلَعَ عَلَيْنَا رَجُلٌ شَدِيدُ بَيَاضِ الثِّيَابِ، شَدِيدُ سَوَادِ الشَّعْرِ....." کە ئەمە فەرموودەیەکی بەناو بانگە تێیدا جیبریل علیه السلام لە شێوەی مرۆڤێکی جل سپی و قژ ڕەشدا دێتە لای پێغەمبەر ﷺو فێری ئەو شەش کۆڵەکەی باوەڕیان دەکات.

**پرسیار: ئەگەر پێت وترا: کێ پێغەمبەری تۆیە؟**

لە وەڵامدا بڵێ: پێغەمبەری ئێمە موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبولموتتەلیبی کوڕی هاشیمی کوڕی عەبدو مەنافە.

الله تعالى ئەوی هەڵبژاردووە لە هۆزی قورەیش کە ئەو هۆزە بژاردەی نەوەی ئیسماعیل بوون و ڕەوانەی کردووە بۆ هەموو سپی پێست و ڕەش پێستێك، قورئان و حیکمەتیشی بەسەردا دابەزاندووە بۆ ئەوەی خەڵکی تەنها الله بپەرستن و دەست بەرداری پەرستراوەکانی خۆیان بن لە بت و بەرد و دارو درەخت وپەیامبەران و پیاوچاکان و مەلائیکەت و هەر

پەرستراوێکی تر کە لەم سەردەمەی خۆماندا شێوازەکانیان لە جاران زۆرتر بوونە.

خەڵکی بانگهێشت کردووە بۆ وازهێنان لە شەریك و هاوبەش بۆ الله دانان و لەسەر ئەوە لە دژیان جەنگاوە لە پێناو ئەوەی تەنها الله بپەرسترێت، وەکو فەرموویەتی: ﴿قُلْ إِنَّمَآ أَدْعُواْ رَبِّي وَلَآ أُشْرِكُ بِهِۦٓ أَحَدًا﴾[1] ، واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ پێیان بلێ: من بانگەواز بۆ لای پەروەردگارم دەکەم و هیچ جۆرە هاوبەشێکی بۆ بڕیار نادەم.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿قُلِ ٱللَّهَ أَعْبُدُ مُخْلِصًا لَّهُۥ دِينِي ﴿١٤﴾﴾[2] واتە: ئەی موحەممەد ﷺ، بە بتپەرستەکانی قەومەکەت بڵێ: من عیبادەت و گوێڕایەڵیم تەنها و تەنها بۆ الله یە، هیچ هاوبەشێکی بۆ دانانێم و تەنها ئەو بە پەرستراوو پەروەردگاری خۆم دەزانم و لە هەموو هاوتا و هاوبەشێکی بەریم، ئێوەش هەرچی دەپەرستن بیپەرستن، دەرەنجامی ئەم کارەتان دێتە ڕێگەتان کاتێك بە دیداری پەروەردگارتان

---

(١) الجن ٢٠

(٢) الزمر: ١٤.

دەگەنەوە. بە هەمان واتای ئایەتی پێشوو، الله تعالی فەرموویەیی: ﴿قُلۡ إِنَّمَآ أُمِرۡتُ أَنۡ أَعۡبُدَ ٱللَّهَ وَلَآ أُشۡرِكَ بِهِۦٓۚ إِلَيۡهِ أَدۡعُواْ وَإِلَيۡهِ مَـَٔابِ۝٣٦﴾(١)

هەروەها فەرموویەتی: ﴿قُلۡ أَفَغَيۡرَ ٱللَّهِ تَأۡمُرُوٓنِّيٓ أَعۡبُدُ أَيُّهَا ٱلۡجَٰهِلُونَ ۝٦٤ وَلَقَدۡ أُوحِيَ إِلَيۡكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكَ لَئِنۡ أَشۡرَكۡتَ لَيَحۡبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ۝٦٥ بَلِ ٱللَّهَ فَٱعۡبُدۡ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ۝٦٦﴾(٢) واتە: ئەی محمد ﷺ، بە بت پەرستەکانی قەومەکەت کە تۆ بۆ بت پەرستن بانگهێشت دەکەن بڵێ: ئەی نەفامەکان بە پەروەردگارتان، ئایا فەرمانم پێ دەکەن جگە لە الله کەسێکی تر بپەرستم کە پەرستن تەنها شایانی خۆیەتی، ئەی محمد ﷺ، وەحی بۆ تۆ و پێغەمبەرانی پێش تۆیش علیهم السلام هاتووە، ئەگەر هیچ هاوبەشێك بۆ الله بڕیار بدەیت کردەوەکانت پووچەڵ دەبێتەوە و خەسارۆمەند دەبیت.

---

(١) . الرعد:٣٦

(٢) الزمر: ٦٤-٦٦.

لە بنەماکانی بیروباوەڕیش کە مرۆڤ لە بێباوەڕی ڕزگار دەکات ئەوەیە : باوەڕ هێنان بە زیندوو بوونەوە و ناردن و پاداشت و لێپرسینەوە وبەهەشت و دۆزەخ هەموو ئەوانەڕاست وحەقن.

الله تعالی فەرموویەتی: ﴿مِنْهَا خَلَقْنَاكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَىٰ ﴿٥٥﴾﴾ (١) واتە: سەرەتای ئێوە لەو خاکەیە، کاتێکیش دەمرن جێگای گەڕانەوەتان هەر ئەوێیە، هەر لەو خاکەشەوە جارێکی تر زیندووتان دەکەینەوەو دەرتان دەهێنینەوە.

هەورەها فەرموویەتی: ﴿وَإِن تَعْجَبْ فَعَجَبٌ قَوْلُهُمْ أَإِذَا كُنَّا تُرَابًا أَإِنَّا لَفِي خَلْقٍ جَدِيدٍ ۗ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ ۖ وَأُولَٰئِكَ الْأَغْلَالُ فِي أَعْنَاقِهِمْ ۖ وَأُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴿٥﴾﴾ (٢) ، واتە: ئەگەر سەیرت لەو بتپەرستانە دێت، با سەیرت لەوە بێت کە دەڵێن: ئایا ئێمە پاش ئەوەی دەمرین و دەبین بە خۆڵ جارێکی تر زیندوو دەبینەوە، ئەوانەی کە نکۆڵی

(١) طه: ٥٥.

(٢) الرعد:٥.

لە زیندوو بوونەوە و سزا و پاداشت دەکەن، ڕۆژی قیامەت لە ناو دۆزەخدا، کۆت دەکرێتە گەردنیان .

الله تعالی لە کوفر و کردەوەکانی کوفر پارێزراومان بکات، ئەم ئایەتانە ئەوەیان ڕوون کردووەتەوە کە پێغەمبەری خۆشەویستمان سەڵات و سەلامی لەسەر بێت، بەوە ڕەوانە کراوە کە عیبادەت تەنها بۆ الله بێت و جگە لە الله عیبادەت بۆ هیچ کەسێکی تر نەکرێت، ئەوەش ڕاستی دینەکەیەتی کە خەڵکی بۆ بانگهێشت دەکرد و کۆششی لەسەر بەرپاکردنی دەکرد.

الله تعالی لە تەمەنی چلساڵیدا پێغەمبەری ڕەوانە کرد سەڵات و سەلامی لەسەر بێت، ئەویش بۆ ماوەی دە ساڵ بانگی خەڵکی بۆ تەنها پەرستنی الله کرد و ئینجا بەرز کرایەوە بۆ ئاسمان و الله تعالی ڕاستەوخۆ بێ ئەوەی هۆکارێك لە نێوان خۆی و پەیامبەرەکەیدا هەبێت پێنج نوێژەکەی لەسەر فەرز کرد.

دوای ئەوە فەرمانی کۆچ کردنی بۆ مەدینە پێکرا و فەرمانی پێکرا جیهادی بێباوەڕانیش بکات، ئەویش دە ساڵ ئەو فەرمانەی جێبەجێ کرد تاکو خەڵکی پۆل پۆل دەهاتنە دینی ئیسلامەوە، کاتێك تەمەنی گەیشتە شەست و سێ ساڵ - سوپاس

بۆ الله - دینی ئیسلام بە تەواوی ڕاگەیەندرا و فەرمانی اللە تعالی لە وەفاتی پێغەمبەرەکەی هاتە جێبەجێکردن، ﷺ.

یەکەمین پێغەمبەری ڕەوانە کراو نوح بوو علیە السلام، کۆتاییشیان موحوممەد بوو ﷺ، وەکو الله تعالی فەرموویەتی: ﴿إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ كَمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ نُوحٖ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعۡدِهِۦۚ﴾[1] ، واتە: ئەی محمد ﷺ، ئێمە تۆمان بە پێغەمبەرایەتی رەوانە کردووە، وەکو چۆن پێش تۆ نوح و پێغەمبەرانی ترمان ڕەوانە کردووە، ئەوانەی ناومان بردوون و ئەوانەش کە ناومان نەبردوون.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ﴾[2] واتە: محمد یش ﷺ پێغەمبەرێکە وەکو پێغەمبەرانی تر کە پەیامی تەوحیدیان گەیاند و ڕۆیشتن.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٖ مِّن رِّجَالِكُمۡ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ

(١) النساء:١٦٣

(٢) ال عمران: ١٤٤.

بِكُلِّ شَىۡءٍ عَلِيمٗا ﴿٤٠﴾﴾[١]، واته: خەلکینه! محمد ﷺنه باوکی زەیدی کوری حاریسەیە و نەباوکی هیچ کەسێکه لە ئێوه، بەڵکو نێردراوی پەروەردگارەو کۆتا پێغەمبەرە، الله به کردارو گوفتارو هەموو شتێکتان زانایه و ئاگەدارە.

چاکترین پێغەمبەر پێغەمبەری ئێمەیە ﷺ، چاکترین ئادەمیزادەکانیش لە دوای پێغەمبەران هاوەڵانه رضي الله عنهم.[٢]

خۆشەویستی هاوەڵان لە لای موسوڵمان پێویستییەکی دینی و ئیمانییه، پێویسته هەموو ئەنسار و موهاجیری ئەوانمان خۆش بوێت و به مەزن تەماشایان بکەین و پشتگیرییان بکەین، پێویسته وا بزانین ئەوان دوای پێغەمبەران علیهم السلام، چاکترین بەندەکانی الله ن.

---

(١) الاحزاب:٤٠.

(٢) گرنگه کورتەیەك لە ژیانی ئەو چوار هاوەڵە بەڕێزە بۆ منالان باس بکرێت و خۆشەویستی ئەوان و هاوەڵانی تر لەلایان ببەسترێت به دین و ئیمانەوە، ناونانی منالیش بەناوی هاوەڵانەوە و به تایبەتی چوار خەلیفەکه نیشانەو بەڵگەی خۆشەویستی باوکان و دایکانه بۆ هاوەڵان رضي الله عنهم.

الله تعالى فەرموویەتی: ﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلۡأَوَّلُونَ مِنَ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ وَٱلۡأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحۡسَٰنٖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُ وَأَعَدَّ لَهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي تَحۡتَهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ١٠٠﴾.[1] واتە: ئەوانەی کە پێشی خەڵکی کەوتن لە باوەڕهێنان بە الله و پێغەمبەرەکەی ﷺ، لە کۆچکردووان، ئەوانەی کە گەل و هۆزەکەی خۆیانیان بە جێهێشت و کۆچیان بۆ دار الإسلام کرد، هەروەها پشتیوانان کە پشتیوانی پێغەمبەریان کرد ﷺ دژ بە دوژمنە بێ باوەڕەکانی، ئەوانەش کە بە چاکە شوێن پێی ئەوانیان هەڵگرت لە بیروباوەڕ و گوفتار و کرداردا بە مەبەستی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی الله ، ئەوانە الله تعالى لێیان ڕازی بووە بە هۆی گوێڕایەڵییان بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ، ئەوانیش ڕازی بوون بە هۆی ئەو پاداشتەی کە وەریانگرت لەبەرانبەر گوێڕایەڵی و باوەڕهێنانیان، الله تعالى بەهەشتی بۆ ئامادە کردوون کە ڕوبار بە ژێریدا ڕێدەکات و بە هەتا هەتایی تێیدا دەمێننەوە ، ئەوەش سەرفرازی مەزنە.

(١) التوبة: ١٠٠.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لا تَسُبُّوا أصْحابِي، فلوْ أنَّ أحَدَكُمْ أنْفَقَ مِثْلَ أُحُدٍ، ذَهَبًا ما بَلَغَ مُدَّ أحَدِهِمْ، ولا نَصِيفَهُ).[١] واتە: جنێو بە هاوەڵانم مەدەن، ئەگەر کەسێك لە ئێوە بە ئەندازەی کێوی ئوحود ئاڵتوون ببەخشێت، پاداشتەکەی بە پاداشتی کەمێك لە کردەوەی ئەواندا ناگات.ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر قەدەغە بوونی هەموو خراپە و ئازاردانێك بۆ هاوەڵان، هەروەها بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەوان لە هەموو ئەوانەی دوای خۆیان دێن چاکتر و پەسەندترن، هەروەها بەڵگەی ئەوەی لێ وەردەگیرێت کە الله تعالی زانیویێتی کە کەسانێك لە کۆتایی دونیادا پەیدا دەبن و سووکایەتی بە هاوەڵان دەکەن الله لێیان ڕازی بێت.

هەروەها دەبێت باوەڕمان وابێت (أبو بكر الصديق) رضي الله عنە چاکترینی ناو هاوەڵانە و جێنشینی پێغەمبەرەکەمانە و باوکی عائیشەی دایکی ئیماندارانە رضي الله عنها، لە دوای ئەویش (عمر بن الخطاب) رضي الله عنە، چاکترینی ئەم ئومەتەیە، جێنشینی دوەمی پێغەمبەرمانە ﷺو باوکی حەفسەی

(١) صحيح البخاري (٣٦٧٣).

دایکی ئیماندارانە رضي الله عنها، لە داوی ئەویش (عثمان بن عفان) رضي الله عنها چاکترینی ئەم ئوممەتەیە،جێنشینی سێیەمی پێغەمبەرەکەمانە ﷺو هاوسەری دوو لە کچەکانێتی رضي الله عنهما، لە دوای ئەویش ( علي بن أبي طالب) رضي الله عنه کە خەلیفەی چوارەمی پێغەمبەرمانە ﷺو هاوسەری فاتیمەی کچی بووە رضي الله عنها.

هەروەها شایەتی چوونە بەهەشت بۆ دە لە هاوەڵان دەدەین کە بە (العشرة المبشرون بالجنة) واتە دە مژدە پێ دراوەکان بە چوونە بەهەشت ناسراون، کە بریتین لە: أبو بکر الصدیق، عمر بن الخطاب، عثمان بن عفان، علی بن أبی طالب، طلحه بن عبید الله، الزبیر بن العوام، عبد الرحمن بن عوف، سعد بن أبی وقاص، سعید بن زید، أبو عبیدة بن الجراح، الله لە هەموویان ڕازی بێت .

هاوسەرانی پێغەمبەرەکەیشمان ، دایکی ئیماندارانن، پاك و پاراون، پێشەنگی هەموو ئافرەتانی موسوڵمانن، کە بریتین لە: (خدیجة بنت خویلد، سودة بنت زمعة، عائشة بنت أبي بكر، حفصه بنت عمر، زینب بنت خزیمة، أم سلمة هند بنت أبي أمیة،

زينب بنت جحش، جويرية بنت الحارث، أم حبيبة رملة بنت أبي سفيان، صفية بنت حيي، ميمونة بنت الحارث).

هاوەڵان خاوەنی چاکە و فەزڵ و تایبەتمەندی زۆرن، لەوانە:

- پێشکەوتن لە موسوڵمانێتیدا.
- ئارامگرتن لە کاتی نارەحەتیدا و ناخۆشیدا.
- هاوەڵێتی پێغەمبەر ﷺ.
- کۆچکردن و داڵدەدان.
- سەرخستنی ئیسلام و جیهاد کردن لە پیناوی الله.
- پێشەوایەتی لە زانست و لە کردارکردن بە زانستدا.
- بانگەواز بۆ ئیسلام و گەیاندنی بە هەموو دونیا.

ئینجا لەبەر ئەو پلە و پایە بەرز و مەزنەی کە هاوەڵان لە ئیسلامدا هەیانە، کۆمەڵە مافێکیان بەسەر هەموو موسوڵمانانەوە هەیە کە هەموویشی بەڵگەی قورئان و سوننەتی لەسەرە، لەوانە:

- ✓ خۆشویستنیان.
- ✓ داننان بە چاکە و فەزڵ و پلەو پایەیان.
- ✓ وەرگرتن لە چاکەکانیان و ڕێکردن لە سەر ڕێبازیان.
- ✓ داوای لێ خۆشبوون و ناردنی ڕەحمەت بۆیان.
- ✓ باوەڕنەکردن بەوەی کە بە مەبەستی ناشیرین کردنیان دەدرێتە پاڵیان.

✓ دوور کەوتنەوە لە باسکردن و تاوتوێ کردنی ئەوەی کە لە نێوانیاندا ڕوویداوە.

✓ باوەڕبوون بەوەی کە جنێودان و سووکایەتی پێکردنی هەرکەسێك لە هاوەڵان قەدەغەیە و حەرامە وهێڵی سوورە.

✓ بەرگری کردن لە هاوەڵان ئەرکێکی پیرۆزە، چونکە ئەوان هاوەڵی پێغەمبەرەکەمانن و، سەرخەر و هەڵگری پەیامی ئیسلام بوونە لە سەرەتای دابەزینیدا.

**پرسیار:** ئایا درووستە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ، یان پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام، ئەکتەرێك ڕۆڵی ئەوان ببینێت و فیلم و درامایان لەسەر بکرێت؟

**وەڵام:** نەخێر ئەو کارە نادرووستە و سووکایەتییە بە ئەوان و تووشی هەڵوێستی نەشیاویان دەکات، ئەگەر بەرژەوەندییەکیش هەبێت لەو کارەدا، هاوکات زیانیشی هەیە و زیانەکەشی زۆرترە، بۆیە ئەو کارە حەرامە.(١)

(١) بڕوانە: (فتاوى اللجنة الدائمة جـ ١ رقم ٢٠٤٤ صـ ٧١٢ ).

**پرسیار: ئایا ژمارەی هاوەڵان چەندە؟**

**وەڵام:** ژمارەیەکی زۆر لە هاوەڵانلە خزمەتی پێغەمبەردا بوون ﷺ، أبو زرعة الرازي بە رەحمەت بێت دەڵێت: ئەوانەی کە پێغەمبەر ﷺیان بینیبوو، یان لێیان بیستبوو لە سەد هەزار پیا و ئافرەت زیاتر بوون، هەموویانیش فەرموودەیان لێ گێڕاوەتەوە، یان بەبیستن یان بە بینین.[1]

الله لە هەموویان ڕازی بێت. چاکترین سەدەکانیش ئەو سەدەیە کە پێغەمبەری تێدا ژیاوە ﷺ، ئینجا سەدەی دوای ئەوەو سەدەی دواتری ئەو سەدەیە کە بە (القُرون الخَيرية) واتە سەدە چاك وپڕ لە خەیرەکان ناسراوە. پێش هاتنی قیامەتیش عیسا علیه السلام لە ئاسمان دادەبەزێت و دەججال دەکوژێت.

---

(١) بڕوانە: ( الإصابة لابن حجر العسقلاني جـ ١ صـ ١٥٤ ).

# بەشی چوارەم

# لا إله إلا الله و مەرجەكانی

**پرسیار:** پلەو پایەو گرنگی شایەتمان واتە: وتنی أشـهدُ أنْ لا إلهَ إلّا اللهُ و أشهدُ أنّ مُحَمّداً رَسُـولُ اللـهِ لـە ئـایینی ئیسـلامدا چییە؟

**وەڵام:** بەندە ناچێتە ئیسلامەوەو پێیی ناوترێت موسوڵمان بـەو دوو شایەتییە نەبێت.

**پرسیار:** لا إله إلا الله واتای چی دەگەیەنێت؟

**وەڵام:** واتای ئەوە دەگەیەنێت هیچ پەرستراوێك بە حەق نییە جگە لە الله نەبێت.

**پرسیار:** مەبەست لە ( لا إله) چییە؟

**وەڵام:** مەبەســت ئەوەیــە نكــۆڵی بكرێــت لــە هــەموو پەرستراوێك بە هەر شێوەیەك لە شێوەكان جگە لە الله نەبێت.

**پرسیار:** مەبەست لە ( إلا الله) چییە؟

**وەڵام:** مەبەست ئەوەیە عیبادەت تەنها بۆ الله جێگیر بكرێت.

**پرسیار:** ئایا تەنها بە وتنی (لا إله الا الله) موسوڵمان دەچێتە بەهەشتەوە، یان مەرجی خۆی هەیە دەبێت موسوڵمان جێبەجێی بکات؟

**وەڵام:** (لا إله الا الله) هەشت مەرجی هەیە بۆ ئەوەی لەلای الله وەرگیراو بێت و خاوەنەکەی بە هۆیەوە بچێتە بەهەشتەوە، هەموویشی بەڵگەی قورئان و سونەتیان لەسەرە:

١- العلم: واتە بزانێت چی دەڵێت و هەر وشەیەك نەبێت لەسەر زاری بێت و نەزانێت واتای چی دەگەیەنێت، بەڵگەش لە قورئانی پیرۆز: (إِلَّا مَن شَهِدَ بِالْحَقِّ) واتە: شایەتییان دا بە لا إله إلا الله، (وَهُمْ يَعْلَمُونَ)[١] واتە: بە دڵەکانیان واتای ئەوە دەزانن کە بە زمانیان وتوویانە، هەروەها فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: (مَن ماتَ وهو يَعْلَمُ أنَّه لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، دَخَلَ الجَنَّةَ)(٢). واتە: هەرکێ بمرێت وبەڕاستەقینە زانیبێتی واتای لا إله إلا اللە چییە، دەچێتە بەهەشتەوە.

٢- الیقین: واتە بە دڵنیایی و بێ هیچ گومانێك بیڵێت. بەڵگەش فەرموودەی الله تعالی: (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا

(١) الزخرف: ٨٦.

(٢) رواه مسلم.

بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا)(١) واتە: ئیماندارانی راستەقینە ئەوانەن کەباوەڕیان بە اللە و بە پێغەمبەرکانی هێناوە و هیچ گومانێکیان لەو باوەڕەیاندا نییە، هەروەها فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: (أشهَدُ أنْ لا إلهَ إلَّا اللهُ ، و أنيِّ رسولُ اللهِ ، لا يلْقَى اللهَ بهِما عبدٌ غيرَ شاكٍّ فِيهِما إلَّا دخَلَ الجنةَ)(٢) واتە: هەرکێ بە بێ هیچ گومانێك لە شایەتمانەکەی بگەڕێتەوە لای پەروەردگاری دەچێتە بەهەشتەوە. بەدڵسۆزییەوە بیڵێت و مەبەستی پێی تەنها اللە بێت.

٣- الإخلاص: واتە:بەدڵسۆزییەوە بیڵێت و مەبەستی پێی تەنها اللە بێت و هەرچی کردەوەکانی هەیە لە هەموو جۆرە شیرکێك پاك بکاتەوە. بەڵگە لە قورئان: (أَلَا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ)(٣) واتە: عیبادەت و گوێڕایەڵی تەنها بۆ اللە یە، بە پاراوی و بەبێ شەریك وهاوبەش دانان. هەروەها فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: (أسعدُ النَّاسِ بشفاعتي يومَ القيامةِ من قال لا إلهَ إلَّا اللَّهُ خالصًا من نفسِهِ)(٤) واتە: بەختەوەرترین کەس بە

---

(١) الحجرات: ١٥.

(٢) رواه مسلم.

(٣) الزمر: ٣.

(٤) رواه البخاري (٩٩).

شەفاعەتی من لە ڕۆژی قیامەتدا کەسێکە کە بە دڵسۆزی و بە نیەتێکی پاك و ڕاستەوە وتبێتی: لا إله إلّا الله.

٤- الصدق: واتە راستگۆ بێت لە وتنیدا و زمان و دڵی وەکو یەك شایەتی بۆ بدەن، الله تعالی فەرموویەتی: ﴿أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتۡرَكُوٓاْ أَن يَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا وَهُمۡ لَا يُفۡتَنُونَ ۝٢ وَلَقَدۡ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۖ فَلَيَعۡلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ وَلَيَعۡلَمَنَّ ٱلۡكَٰذِبِينَ ۝٣﴾.(١) واتە: ئایا خەڵکی وا گومان دەبەن کە ئێمە تەنها بەوەی کە وتوویانە باوەڕمان هێنا لێیان گەڕێین و تاقییان نەکەینەوە؟ نەخێر دەبێت تاقیبکرێنەوە تاکو ڕاستگۆ و درۆزنیان دەرکەوێت.

٥- لە هەردوو سەحیحی بوخاری و موسلیمیشدا هاتووە: (مَا من عَبد يَشْهَدُ أَنْ لا إله إلّا اللّهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ ورَسُولُهُ صِدْقًا مِنْ قَلْبِهِ إِلّا حَرَّمَهُ اللَّهُ عَلَى النَّار). واتە: هەرکەسێك بە ڕاستگۆیی و لە دڵەوە شایەتی بدات بە لا إله إلا الله و محمد رسول الله، الله تعالی ئەو کەسە لەسەر دۆزەخ قەدەغە دەکات.

٦- المحبة: واتە بە خۆشحاڵی و بە خۆشەویستییەوە بۆ الله و پێغەمبەرەکەی بیڵێت و ئەو خۆشەویستییەش بە شوێنکەوتن و

---

(١) العنكبوت: ٢-٣.

گوێڕایەڵی بسەلمێنێت. بەڵگەی قورئان: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ)(١)، واتە: ئەی ئیمانداران: هەرکێ لە دینی حەق کە دینی ئیسلامە پاشگەز ببێتەوە لە ئێوە، دینەکەی بگۆڕێت و بچێتە بازنەی هەر جۆرە کوفرێکەوە، ئەوا الله تعالی لە جیاتی ئێوە کەسانێکی تر دەهێنێت کە خۆشی دەوێن و خۆشیان دەوێت. بەڵگەی فەرموودە: (ثلاثٌ من كن فيه وجد بهن حلاوة الإيمان، من كان الله ورسوله أحبَّ إليه مما سواهما، وأن يحب المرء لا يحبه إلا لله، وأن يكره أن يعود في الكفر بعد أن أنقذه الله منه، كما يكره أن يقذف في النار).(٢) جێگای مەبەست لە فەرموودەکە ئەوەیە هەرکێ الله و پێغەمبەرەکەی لە هەموو کەسێکی تر خۆشتر بوێت هەست بە شیرینی ئیمان دەکات.

٧- الانقياد: واتە ملکەچ و پابەند بێت بۆ فەرمانەکانی قورئان و سوننەت. بەڵگەی قورئان: (وَمَن يُسْلِمْ وَجْهَهُ إِلَى اللَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ).(٣) واتە: هەرکێ

(١) المائدة:٥٤.

(٢) رواه البخاري (١٦) ومسلم (٤٣).

(٣) لقمان: ٢٢.

لە پەرستنەکانیدا مەبەستی تەنها الله بێت و چاکەکار بێت، ئەوا ئەو کەسە بەڕاستەوە دەستی بە لا إله إلا الله گرتووە.

٨- القبول: واتە بە کردار و بە گوفتار پێی ڕازی بێت و وەریبگرێت. الله تعالى فەرموویەتی: ﴿ٱحْشُرُواْ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ وَأَزْوَٰجَهُمْ وَمَا كَانُواْ يَعْبُدُونَ٢٢﴾ تا دەگاتە: ﴿إِنَّهُمْ كَانُوٓاْ إِذَا قِيلَ لَهُمْ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ ٣٥ وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُوٓاْ ءَالِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَّجْنُونٍ٣٦﴾.(١) لەم ئایەتانەدا دەردەکەوێت هۆکاری سزادانی الله تعالى بۆ ئەوانە خۆ بەزلزانینان بووە لە وتنی لا إله إلا الله و بەدرۆخستەوەشیان بۆ ئەوانەی کە وتوویانە لا إله إلا الله.

٩- هەروەها لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە: (إِنَّ مَثَل مَا بعَثني اللَّه به منَ الْهُدَى والْعلْمِ كَمَثَلَ غَيْث أَصَاب أَرْضاً فكَانَتْ طَائفَةٌ طَيبَةٌ، قبلَت الْماءَ فأَنْبَتت الْكلأَ والْعُشْبَ الْكَثِيرَ، وَكَانَ منْهَا أَجَادبُ أَمسكَت الماءَ، فَنَفعَ اللَّه بِهَا النَّاس فَشَربُوا منْهَا وسَقَوْا وَزرَعَوا. وأَصَابَ طَائفَةٌ منْهَا أُخْرَى، إنَّمَا هِيَ قِيعانٌ لا تُمْسكُ مَاءً وَلا تُنْبتُ كَلأ فَذَلكَ مَثَلُ مَنْ فَقُهَ في دِينَ اللَّه، وَنَفَعه بمَا بعَثني اللَّه بِهِ، فَعَلِمَ وعَلَّمَ، وَمثلُ مَنْ لَمْ يرْفَعْ بِذلِكَ رَأْساً وِلَمْ يَقْبَلْ هُدَى

(١) الصافات: ٢٢-٣٦.

اللَّهِ الَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ).(١) پوختەی واتاو جێگای مەبەست لەم فەرموودەدا ئەوەیە پێغەمبەر ﷺ نموونەی ئەو خێرەی ئیسلام کە بۆ خەلکی هیناوە بە بارانێکی ڕەحمەت وێنا کردووە کە بەسەر زەوییەکی باش و بە پیتدا باریوە و بە هۆیەوە لەوەڕ و گیا و سەوزایی درووست بووە.

١٠- الكُفرُ بما يُعبد مِنْ دونِ اللهِ: واتە :بە زمانی و بە دڵی، نکۆڵی بکات لە هەموو پەرستراوێك جگە لە الله و ڕەتیان بکاتەوەو حاشایان لێ بکات، چونکە تەنها بە وتنی لا إلە إلا الله زمان بەس نیەو پێویستە بە کردار بیسەلمێنێت و هەموو جۆرە پەرستراوێك جگە لە الله رەتبکاتەوە و بە موسوڵمانیشی نەزانێت. الله فەرموویەتی: ﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَاۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ٢٥٦﴾ (٢) واتە: بەڵگەکانی ڕاستێتی ئەم دینە ئەوەندە ڕوون و ئاشکران، نیازیك نییە بەوەی هیچ کەسێ بۆ موسوڵمان بوون زۆری لێ بکرێت، بۆیە هەرکێ بێ باوەر بێت بە هەموو ئەوەی بەدەر لە الله تعالی

(١) متفق عليه: البخاري (٧٩)، ومسلم (٢٢٨٢).

(٢) البقرة: ٢٥٦.

دەپەرسترێت و باوەر بە الله بهێنێت، ئەوە لەسەر ڕێگای ڕاست سەقامگیر بووە و دەستی بە هۆکارێکی بەهێزو نەبڕاوەی دین گرتووە، الله بیسەرە بۆ گوفتاری بەندەکانی، زانایە بە کردارو نیازەکانیان، لەسە ئەوانەش پاداشتیان دەداتەوە.

١١- پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (مَن قالَ: لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، وَكَفَرَ بما يُعْبَدُ مَن دُونِ اللهِ، حَرُمَ مَالُهُ وَدَمُهُ، وَحِسَابُهُ علَى اللَّهِ).(١) واتە: کێ بڵێت: لا إله إلا الله وکوفر بە هەموو پەرستراوێك جگە لە الله بکات، خوێن و ماڵی قەدەغە دەبێت وناخ و نیەتیشی الله پێی زاناترە.

**پرسیار:** (محمد رسول الله) مەعنای چییە؟

**وەڵام:** مەعنای ئەوەیە گوێڕایەڵی بکەیت لە هەموو ئەوەی فەرمانی پێکردووین و باوەڕی پێ بهێنیت لە هەموو ئەوەی ئێمەی ئاگەدار کردووەتەوە و هەواڵی پێداوین و لە هەموو ئەوەی لێی قەدەغە کردووین خۆمان بپارێزین و الله ش نەپەرستین بە ڕێگەیەك نەبێت کە خۆی پێی ڕازییە. بە پێی شایەتی (محمد رسول الله) پێویستە گوێڕایەڵی تەواومان بۆ فەرمانەکانی هەبێت، الله فەرموویەتی: (وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا

(١) رواه مسلم ٢٣.

الرَّسُولَ).(١) واتە: گوێڕایەڵی اللـه و پێغەمـبەرەکەی ﷺ بـکەن، بـاوەڕی تەواویشـمان هەبێـت کە محمـد ﷺ بەنـدە و نێـردەی پەروەردگارە بۆ سـەرتاپای جنۆکە و مرۆڤەکـان، بـۆیە پێویسـتە باوەڕمان بە هەموو هەواڵێکی هەبێت کە پێی داویـین دەربـارەی ڕابردوو، یان داهاتوو.

**پرسیار:** ئایا پێغەمبەر ﷺغەیب و زانستی شاراوەی دەزانی؟

**وەڵام:** نەخێر، پێغەمبەر ﷺ زانسی غەیبی پـی نەبـوو، جـگە لەوەی کە الله تعالی لە ڕیگەی وەحیەوە ئاگاداری کردبوویەوە، هەرکەسێکیش بڵێ غەیبی زانیوە قورئانی بەدرۆ خستووەتەوە کە فەرموویەتی: (قُلْ لَا أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَـا شَـاءَ اللَّهُ وَلَوْ كُنْتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّـنِيَ السُّوءُ إِنْ أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ وَبَشِـيرٌ لِقَـوْمٍ يُؤْمِنُـونَ ).(٢) واتە: ئەی ڕەسول، بڵێ من ناتوانم هیچ چاکەیەك بۆخۆم مسۆگەر بکەم یان خراپەیەك لە خۆم دوور بخەمەوە بە ویستی اللـه نەبێـت، ئەگەر زانستی غەیب و شاراوەشم هەبوایە ئەو هۆکارانەم ئەنجـام ئەدا

(١) التغابن: ١٢.

(٢) الاعراف:١٨٨.

کە سوود و بەرژەوەندییەکانم زۆر ئەکات، خۆیشم لە خراپە و زیان پێش ڕوودانی دەپاراست، من تەنها پێغەمبەرێکم الله تعالی بۆ ئێوەی ناردووم، ترسێنەرم لە سزاکانی، مژدەدەرم بە پاداشتەکانی بۆ کەسیك کە باوەڕی بە من بە پێغەمبەرایەتی من هەبێت و بەشەرعی الله کار بکات.

**پرسیار:** ئایا پێغەمبەر ﷺ لە ڕووناکی عەرش درووست کراوە؟

**وەڵام:** نەخێر، پێغەمبەر ﷺ وەکو مرۆڤەکانی تر لە دایك بوو، وەکو ئەوان ژیا و نەخۆشیش دەکەوت و، وەکو ئەوانیش وەفاتی کرد، هەرکێ باوەڕی وا بێت ئەو لە ڕووناکی عەرش درووست کراوە، ئەوە پێچەوانەی قورئانی پیرۆزە کە الله تعالی فەرموویەتی: (قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ يُوحَى إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ فَمَنْ كَانَ يَرْجُو لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا ).(١) واتە: ئەی ڕەسول! بە موشریکانی عەرب بڵێ من مرۆڤێکم وەکو ئێوە بەڵام وەحیم بۆ

(١) الكهف: ١١٠.

ڕەوانە دەکرێت کە اللـە یەکە و هاوبەشـی نیـیە، جـا هەرکـێ لە سزای پەروەردگاری دەترسێت وچاوەڕوانی پاداشـتێتی لە ڕۆژی قیامەتدا، بـا کردەوەیەکـی چـاك وگونجـاو لە گەڵ شـەرعدا بـۆ پەروەردگـاری ئەنجـام بـدات و هـیچ کەسـێك لەو پەرسـتنەیدا نەکاتە هاوبەشی پەروەردگاری.

**پرسیار:** ئیمان چی واتایەك دەبەخشێت؟

**وەڵام:** ئـیمان گوفتـارە بـە زمـان، بـاوەڕە بـە دڵ، کـردارە بـە ئەندامەکانی جەستە، گوفتاریش دوو جۆرە:

گوفتاری دڵ: کە بریتییە لە باوەڕهێنان.

گوفتاری زمان: کە بریتییە لە وتن و نوتق کردنی شایەتمان.

کرداریش دوو جۆرە:

کـرداری دڵ: واتە: کردەوەکـانی دڵ، وەکـو خۆشەویسـتی و ترس و پشت بەستن و ڕازی بوون.

کرداری ئەندامەکانی جەستە: وەکو نوێژ و زەکـات وحەج و قورئان خوێندن.

**پرسیار:** ئایا کردەوەی چاکە مەرج وبەشێکی ئیمانە، یان ئیمان تەنها باوەرهێنانی دڵ و نوتق و وتنی زمانە؟

**وەڵام:** دەركـردن وجیـاكردنەوەی عەمەل و كـردەوە لە ئـیمان پێچەوانەی ڕێبازی ئەهلی سوننەت و جەمـاعەت و تێگەیشـتنی زانایانی ئیسلامە، بەڵكو ئەوە تێگەیشتنی ئەوانەیە كە لەو ڕێبـازە لایانداوە وگومڕا بوونە كە دەڵێن ئیمان تەنها باوەڕهێنـانە بە دڵ و وتنە بە زمان! بەڵام كـردەوە بە مەرجێكـی تەواوكـاری لاوەكـی دەزانن!

**پرسیار:** هەندێك لە خەسڵەتی ئیمانداران بژمێرە.

**وەڵام:** بە بەڵـگەی ڕاسـت و درووسـتی كیتـاب و سـوننەت جێگیـر بـووە، كە خۆشەویسـتی پێغەمـبەر ﷺو، خۆشەویسـتی ئەنسارەكان الله لێیان ڕازی بێت و، خۆشەویسـتی ئیمانـداران و برای موسوڵمان و، ڕێزگرتن و چاكە كـردن لە گەڵ دراوسـێدا و، فەرمان بە چاكە و نەهی كـردن لە خـراپە و، ئامۆژگـاری كـردن لەپێناو الله و دینەكەی، هەموو ئەمانە نیشانەو خەسـڵەتی ئـیمان و باوەڕن.

**پرسـیار:** ئایـا ئـیمان زیـاد و كـەم دەكـات یـان هەمیشـە لە ئاستێكداجێگیرە؟

**وەڵام:** بەڵێ ئیمان زیاد و كەم دەكات و بەڵگەكـانی قورئـان و سوننەت لەسەر ئەوە كۆكن.

الله تعالى فەرموویەتی: (هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ فِى قُلُوبِ ٱلْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوٓا۟ إِيمَـٰنًا مَّعَ إِيمَـٰنِهِمْ ۗ).(١) واتە: اللـه کە لە ڕۆژی حودەیبیەدا ئاسوودەیی دابەزاندە سەر دڵی ئیماندارانداو جێگیری کرد تێیدا، بۆ ئەوەی باوەڕهێنان و شوێنکەوتنیان بۆ پێغەمبەر ﷺ زیاتر بکات لەگەڵ باوەڕهێنان و گوێڕایەڵیاندا.

**پرسیار:** بەچی زیاد دەکات و بە چی کەم دەکات؟

**وەڵام:** بە گوێڕایەڵی الله تعالى و پابەند بوون بە فەرمان و قەدەغەکراوەکانی لە قورئان و سوننەتدا زیاد دەکات، واتە کەسەکە چەند لەسەر تەوحید جێگیر بێت و لەسەر بنەمای عەقیدەی پاك کردەوەی چاك و عیبادەت ئەنجام بدات ئیمانی بەرز دەبێتەوە.

**پرسیار:** ئیمان بەچی کەم دەکات؟

**وەڵام:** ئیمان بە گوێڕایەڵی کردنی شەیتان و سەرپێچی کردنی فەرمانەکانی الله کەم دەکات. واتە چەند بەندە گوناه و تاوان ئەنجام بدات، یان لە عیبادەتدا سست بێت ونویژو ڕۆژووی

---

(١) الفتح: ٤.

سوننەت کەم ئەنجام بدات و خێر و بەخشین نەکات ئەگەر توانای هەبێت، ئیمانی لاواز و کز دەبێت.

**پرسیار:** ئیمان چەند بەشی هەیە؟

**وەڵام:** ئیمان زیاتر لە حەفتا بەشی هەیە، بەرزترینیان (لا إله إلا الله) یە و، نزمترینیان ئەوەیە شتێك لەسەر ڕێگە لابدەیت مایەی ئازار بێت بۆ خەڵکی، شەرمیش بەشێکە لە بەشەکانی ئیمان.

**پرسیار:** پلەو پایەی ( الإحسان) لە ئایینی ئیسلامدا واتای چییە؟

**وەڵام:** (إحسان) واتە: الله بپەرستیت وەکو ئەوەی ببینیت، چونکە ئەگەر تۆ ئەو نابینیت ئەو تۆ ئەبینێت، بەندە هەمیشە دەبێت هەست بە بینینی الله بکات بۆ خۆی و ئەوە بکاتە مایەی بەرجەستەکردنی بەندایەتی تەواو لە خۆیدا، الله تعالی فەرموویەتی:( إِنَّ اللَّهَ مَعَ الَّذِينَ اتَّقَوا وَّالَّذِينَ هُم مُّحْسِنُونَ).(١) واتە: الله تعالی بە یارمەتی و پشتگیری و سەرخستنی لەگەڵ

(١) النحل: ١٢٨.

ئەوانەیە کە خۆیان لە کوفر و تاوانەکان دەپارێزن و چاکەکار و ئارامگریشن لەسەری.

**پرسیار:** بەرزترین پلەو پایەکانی دین کامانەن؟

**وەڵام:** بەرزترین پلەو پایەکانی دین پلەو پایەی ( الإحسان) ە و، ئینجا پلەو پایەی (الإیمان) و، ئینجا پلەو پایەی ( الإسلام).

**پرسیار:** عیبادەت واتای چییە؟

**وەڵام:** عیبادەت هەموو شتێکە الله پێی ڕازی بێت و خۆشی بوێت، کردار بێت یان گوفتار، دیار بێت یان شاراوە.

**پرسیار:** مەرجەکانی وەرگیرانی عیبادەت لەلای الله چیە؟

**وەڵام:** هەر عیبادەتێك بۆ ئەوەی لە لای الله وەرگیراو بێت، پێویستە دو مەرجی تێدا بێت:

یەکەم: تەنها و تەنها، بەپاك و پاراوی و بەبێ هیچ مەبەستێکی تر جگە لە ڕەزامەندی و گوێڕایەڵی الله نەبیت، عیبادەتەکە تەنها بۆ پەروەردگار بێت.

دووەم: پێویستە و مەرجە ئەنجامدەرەکەی شوێنکەوتووی سوننەتی پێغەمبەر بێت ﷺ، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ( مَنْ

أَحْـدَثَ في أمْرِنـا هـذا مـا لـيسَ مِنـهُ فَهـوَ رَدٌّ.).(١) واتە: هەر کەسێك لەخۆیەوە داهێنانێك بەبێ هیچ بەڵگەیەك لە دیندا بکات کە اللـە پێـی ڕازی بـوە بۆمـان، ئەوە دەدرێـتەوە بەسـەر ئەنجامدەرەکەیدا و لێی وەرناگیرێت.

هەموو چاکەیەك لە شوێنکەوتنی پێشینانی ئەم ئوممەتەدایە و هەموو خراپەیەکیش لە داهێنانی پاشینانی ئـەم ئوممەتەدایـە لـە دینەکەیاندا، چونکە ئەوەی بۆ دینداری پێویست بێت پێغەمـبەر ﷺ هەواڵـی پێـداوین و لێـی ئـاگەداری کـردوینەتەوە، شـتێك نەماوە بۆ دین و دینداری باش بێـت و پێغەمـبەر ﷺ ڕێنمـوونی نەکردبین، ئەگینا دیـن کەم و وکـورتی تێـدا دەبـوو، اللـە تعـالی فەرمـوویەتی: (اليَـومَ أَكمَلـتُ لَكُـم دِيـنَكُم وَأَتمَمـتُ عَلَيكُم نِعمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسلامَ دِينًا).(٢) واتە: ئەمڕۆ ئەحکام و فەرزەکانی دینەکەم بۆ تەواو کردن و ئیتر هیچ حەڵاڵ و حەرامێك دانابەزێت و نیعمەتی خۆمم بۆ تەواو کردن و دینـی ئیسلامم بۆ هەڵبژاردن کە تەنها بەو دینە ڕازی دەبم.

---

(١) متفق عليه: البخاري (٢٦٩٧). مسلم (١٧١٨).

(٢) المائده:٣.

**پرسیار:** ئایا لە ئیسلامدا داهێنانی باش (بدعة حسنة) هەیە؟

**وەڵام:** نەخێر لە ئیسلامدا شتیك نییە پێی بوترێت (بدعة حسنة)بەڵكو هەموو بیدعەیەك لە دیندا هەر خراپە با لە دیدی خەلكیشەوە باش بێت.

رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فەرموویەتی: (إِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الْأُمُورِ فَإِنَّ كُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ).[١]. واتە: خۆتان بە دوور بگرن لەوەی خەلكی لە دیندا دایدەهێنن، چونكە هەموو داهێنراوێك بیدعەیە و هەموو بیدعەیەكیش گومراییە. بۆیە نیاز بە ئەنجامدانی هیچ بیدعەو داهێنانێك لە دینی ئیسلامدا نییە و شتێك بە ناوی داهێنانی باش (بدعة حسنة) بوونی نییە.

**پرسیار:** بە کێ دەوترێت وەلی و خۆشەویستی الله ؟.

**وەڵام:** وەلی كەسێكە باوەڕی تەواوی بە الله تعالی هێنابێت و تەقوا و ترسی پەروەردگاری لە پەنهانی و لە ئاشكرادا هەبێت و، شوێنكەوتووی پێغەمبەرەكەی بێت ﷺ، الله تعالی فەرموویەتی: (أَلَا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ * الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ * لَهُمُ الْبُشْرَى فِي الْحَيَاةِ

(١) صحيح أبي داود للألباني حديث ٣٨٥١.

الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ لَا تَبْدِيلَ لِكَلِمَاتِ اللَّهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ).[1] واته: پشتگیران و خۆشەویستانی الله لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ ترسێكی سزایان نییە و نە غەمباریش دەبن بۆ ئەو پشك و خۆشیانەی دونیا كە لە دەستیان دەرچووە، سیفەتی ئەو كەسانەش ئەویە كە باوەڕیان بە الله هیناوە وشوینكەوتووی پێغەمبەرەكەیان ﷺ لەوەی كە لای پەروەردگارییەوە هێناوێتی، هەروەها تەقواو ترسی پەروەردگاری خۆیانیان هەیە، بەوەی كە ملكەچی فەرمانەكانی دەبن و لە حەرام و تاوانەكان خۆیان دەپارێزن.

**پرسیار:** بە كێ دەوترێت خاوەنی عەقیدەو بیروباوەڕی ڕاست؟

**وەڵام:** خاوەنی عەقیدەو بیروباوەڕی ڕاست ئەوانەن كە بە ئەهلی سوننەت و جەماعەت و ئەهلی حەدیس و، شوێنكەوتوانی پێشینی چاكی ئوممەت ناسراون.

---

(١) یونس: ٦٢-٦٤.

**پرسیار:** پێویستە کێمان خۆش بوێت و ڕقمان لە کێ بێت؟

**وەڵام:** پێویستە ئەهلی تاعەت و ئیمانمان خۆش بوێت و ڕقمان لە ئەهلی کوفرو تاوان بێت، دەبێت پشتگیری ئیمانـداران بکەیـن و دژایەتی بێ باوەڕان بکەین ولێیان بەری بین.

# بەشی پێنجەم

## جۆرەکانی تەوحید و چەند پێناسەیەکی گرنگ

**پرسیار:** تەوحید مەعنای چییە؟

**وەڵام:** تەوحید لە ڕۆشنایی دەقەکانی قورئان و سونەتدا واتاکەی بریتییە لە جێبەجێ کردن و بەرجەستە کردنی ( لا إله إلا الله)، کە ئەوە حەقیقەتی دینی ئیسلامە کە الله تعالی پێغەمبەرەکەی پێ ڕەوانە کردووە ، تەوحید واتە پێویستە هەرچی مافەکانی الله هەیە لەسەرت بیدەیت ولە هەموو جۆرە شیرکێك خۆت بپارێزیت.

**پرسیار:** تەوحید چەند جۆری هەیە؟

**وەڵام:** تەوحید سێ جۆری هەیە.

**پرسیار:** ئەو جۆرانە چین؟

١- توحيد الربوبية.

٢- توحيد الألوهية.

٣_ توحيد الأسماء والصفات.

**پرسیار:** تەوحیدی (الربوبیة) مەعنای چییە؟

**وەڵام:** واتە: تەوحیدی الله بکەیت و باوەڕت وا بێت کە ئـەو بە تاك و تـەنها توانـای درووسـتکردن و ڕۆزیـدان و ژیانـدن و مراندنی هەیە، هەموو شتێك بە دەستی خۆیەتی و بۆ لای خـۆی دەگەڕێتەوە، پێویستە تەوحیدی الله بکەیت لە کردارەکانیدا، بـۆ نموونە باوەرت وابێت کە الله تعالی بـاران دەبارێنیـت و ڕووەك دەڕوێنیت و مردوو زیندوو دەکاتەوەو ڕۆزی بەنـدەکانی دەدات و شـــیفای نەخـــۆش دەدات و بە هەمـــوو کاروبـــارێکی ئەم گەردوونە هەڵدەسێت.

تێبینییەکی گرنگ: تەوحیدی ربوبیة واتە پەروەردگارێتی، بە تەنها بەندە ناکاتە موسوڵمان و ڕزگاری ناکات، تاکو تەوحیدی ئولوهیەت لە خۆیدا بەرجەستە نەکات، الله تعالی فەرموویەتی: ﴿وَمَا يُؤۡمِنُ أَكۡثَرُهُم بِٱللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشۡرِكُونَ ١٠٦﴾.(١) واتە: زۆربەی خەڵکی کە باوەڕ بەوە دەهێنن الله درووستی کردوون و ڕۆزییان دەدات، هاوکات لەگەڵ ئەو باوەڕ هێنانە بە تەوحیدی ربوبیة هاوڵ و هاوبەش بۆ الله دادەنێن و پەنا بۆ بت و بۆ

(١) یوسف: ١٠٦.

جنۆکە و بۆ مرۆڤەکان دەبەن، لەکاتێکدا سوود و زیان تەنها بە دەستی الله یە.

**پرسیار:** دیاردەکانی لادان لە تەوحیدی پەروەردگارێتی چییە؟

**وەڵام:** لە بنچینەدا باوەڕهێنان بە پەروەردگارێتی اللە، مەسەلەیەکی خۆرسکە و مرۆڤەکان خۆیان باوەریان پێیەتی و لە ناخیاندا جێگیر بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندیك لە ئادەمیزادەکان لەو فیترەتە لایانداوە و ئەمەش چەند شێوازێکە لەو لادانانە:

- نکۆڵی کردن لە پەروەردگارێتی و لە بوونی اللە تعالی، وەکو مولحیدەکان کە دەڵێن بوونەوەر لەلایەن سروشتەوە درووست کراوە! اللە تعالی فەرموویەتی: (وَقَالُوا مَا هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَا إِلَّا الدَّهْرُ ).(١) واتە: ژیان هەر ئەم ژیانەی دونیایە کە تییدا دەژین ودەمرین ، هیچ ژیانیکی تر نییە، واتە: باوەڕیان بە زیندوبوونەوە نەبوو، بەڵکو دەیانوت تێپەڕبوونی ڕۆژگار و درێژی تەمەنە لەناومان دەبات.

---

(١) الجاثية:٢٤.

- نکۆڵی کردن لە هەندێ تایبەتمەندییەکانی پەروەردگار ، وەکو باوەڕنەبوون بە توانای الله تعالی لەسەر مراندن و دووبارە زیندوو کردنەوە، یان گەیاندنی سوود و زیان و شتی لەو شیوە.
- پێدانی هەندێ لە تایبەتمەندێتی پەروەردگار بە هەندیك لە بەندەکانی، بۆیە هەرکێ باوەری وابێت کەسێکی تر لەگەڵ الله تعالی توانای بەڕێوەبردنی گەردونی هەیە، یان توانای سوود بەخشین و زیان گییاندنی هەیە، ئەو کەسە موشریکە و هاوبەشی بۆ الله تعالی داناوە.

**پرسیار:** تەوحیدی (الألوهیة) مەعنای چییە؟

**وەڵام:** واتە: عیبادەت و نوێژ و ڕۆژو و و پاڕانەوە وهەر جۆرە عیبادەتێك تەنها و تەنها بۆ اللە بکرێت. پێویستە هەرچی کردەوەی دڵ هەیە وەکو ترس و خۆشەویستی و پشت بەستن، هەروەها هەرچی کردەوەکانی جەستە هەیە وەکو پەرستشە دارایی و لاشەیی و وشەییەکان، پێویستە هەمووی تەنها بۆ اللە بەبێ شەریك و هاوتا ئاراستە بکرێن.

الله تعالی فەرمـوویەتی: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ).[1] واتە: خەڵكینە پەروەردگارتـان بپەرسـتن كە ئێـوەی بە نیعمەتەكـانی پەروەردە كـردوە و لێـی بترسـن و سـەرپێچی دیـنەكەی مەكەن، چونكە ئەو ئێوە و ئەوانەی پێش ئیوەشی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون، بۆ ئەوەی ببـنە كەسـانی خـاوەن تەقـوا لەوانەی كە اللـە تعالی لێیان ڕازی بووە.

**پرسیار:** گرنگی توحیدی ئولوهیەت لە چیدایە؟

**وەڵام:** تەوحیدی ئولـوهیەت بنچیـنەی بـانگەوازی سـەرجەم پێغەمبەرانە علیهم الصلاة و السلام، كە گرنگترین و كامڵترین و پەسەندترین بنەماكـانی چـاكبوونە بـۆ مرۆڤـایەتی، اللـە تعـالی مرۆڤ و جنۆكەكانی لەو پیناوەدا درووست كردووە، بوونەوەری درووست كردووە و شەریعەتەكانی بۆ بەرپا كردنـی ئەو بنەمـایە دانـاوە، بـۆیە تەوحیـدی ئولـوهیەت ئامـانجی بـانگەوازی پێغەمبەرانە علیهم الصـلاة و السـلام، اللـە تعـالی فەرمـوویەتی:

---

(١) البقرة: ٢١.

(وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ).[١] واتە: بۆ هەموو ئوممەتانی پێش ئێوە پێغەمبەرێکمان ناردووە فەرمانیان پێ بکات بە پەرستنی الله و وازهێنان لە پەرستنی شەیتان و بت و مردووەکان و هەموو پەرستراوێك جگە لە الله تعالی.

**پرسیار:** مافی پەروەردگار بە سەر بەندەکانییەوە چییە و مافی بەندەکانیش بەسەر پەروەردگاریانەوە چییە؟

**وەڵام:** پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (... حَقَّ اللّهِ عَلَى الْعِبَادِ أَنْ يَعْبُدُوا اللّهِ وَلاَ يُشْرِكُوا بِهِ شَيْئاً. وَحَقُّ الْعِبَادِ عَلَى اللّهِ عَزَّ وَجَلَّ أَنْ لاَ يُعَذِّبَ مَنْ لاَ يُشْرِكُ بِهِ شَيْئاً).[٢] واتە: مافی الله بەسەر بەندەکانی ئەوەیە گوێڕایەڵی بکەن بە ئەنجامدانی تاعەت و پەرستن و خۆیان لە قەدەغەکراوەکانی بپارێزن و یەکسەر بە دوایدا فەرمووی هاوبەشیش بۆ الله بڕیار نەدەن، مافی بەندەکانیش بەسەر پەروەردگاریانەوە ئەوەیە کەسێك کە هاوبەشی بۆ الله دانەناوە سزای نەدا،حیکمەتیش لەوە بریتییە

(١) النحل:٣٦.

(٢) البخاري (٣٠) ومسلم (٧٣٧٣).

لەوەی هەنـدێ لە بێبـاوەڕان بانگەشـەی ئەوەیـان دەکـرد کە عیبـادەت بـۆ اللـە ئەنجـام دەدەن، بەڵام هاوکـات پەرسـتراوی تریشیان هەبوو، بۆیە مەرجە عیبـادەت تەنهـا و تەنهـا بـۆ اللـە بکرێت و شەریك و هاوبەشی لەگەڵدا نەبێت.

**پرسیار:** تەوحیدی (الأسماء والصفات) مەعنای چییە؟

**وەڵام:** واتـە: نـاو و سـیفەتەکانی اللـە هـەمووی بـۆ جێگیـر بکەیت بەو شێوەی کە شایستەیەتی و لە قورئان و لە سـونەتدا ڕوون کراوەتەوە، بێ ئەوەی هیچی بۆ زیاد بکەین یـان لێـی کەم بکەیـنەوە، بـێ ئەوەی لە واتاکـانی خۆیـان لایـان بـدەین، یـان چواندنیان بۆ بکەین، یـان لە خۆمـانەوە شـێوازێکی بـۆ دیـاری بکەین.

**پرسیار:** ئایا دەتوانین لە خۆمـانەوە نـاوی جـوان و سـیفەتی بەرز بۆ الله دیاری بکەین؟

**وەڵام:** نـاو و سـیفەتەکانی اللـە تعـالی تەنهـا لە کیتـاب و سـونەتەوە وەردەگیـرێن، لە ڕاسـتیدا تەوحیـدی اللـە تعـالی لە ناووسیفەتەکانیدا مەسەلەیەکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە قورئـان و فەرمـوودەی سـەحیحەوە، نابێـت لە خۆمـانەوە ناوێـك یـان سـیفەتێك بـۆ اللـە دیـاری بکەیـن کە لەو دوو سـەرچاوەدا

نەهاتووە، الله لە هیچ کەسیك ناچێت و پاك و پاراوە لە هەموو سیفەتێکی کەمیی و نەشیاو، خۆی فەرموویەتی: (لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَىْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ البَصِيرُ).[1] واتە: هیچ کەسیك لە دروستکراوەکانی لە خۆی ناچێت، نە لە زات و نە لە ناووسیفات و نە لە کردارەکانیدا، بیسەرەو بینەرە، هیچی لە کردارو گوفتاری بەندەکانی لێ شاراوە نییە.

**پرسیار:** چین ئەو بنەمایانەی کە تەوحیدی ئەسمائوسیفاتی لەسەر دادەمەزرێت؟

**وەڵام:** چەند بنەما و بنچینەیەك هەیە لەو بارەوە زانینیان گرنکە، لەوانە:

- ناوو سیفەتەکانی الله تعالى تەوقیفییە، واتە بڕاوەیە و قابیلی دەستکاری و بۆ زیاد کردن نییە، ناتوانین هیچ ناوێك جێگیر بکەین یان نکۆڵی بکەین ئەگەر بە بەڵگەیەکی کیتاب و سوننەت نەبێت.
- پێویستە باوەڕ بەو ڕاستییە بهێنین کە هیچ کەسێك لە دروستکراوەکانی الله لە خۆی ناچن لە ناوو سیفەتەکانیاندا.

(١) الشورى:١١.

- هەرچـی سـیفەتەکانی اللـە هەیە سـیفەتی تەواوەتـین بەرەهایی و بێ کەم و کورتین.

**پرسیار:** ئایا الله تعالی تەنها نەوەد و نۆ ناوی هەیە؟

**وەڵام:** نەخێـر، ناوەکـانی اللـە تعـالی لەو ژمـارەیەدا کـورت هەڵنەهاتووە، تەنها الله خـۆی نەبێـت کەس نازانێـت ژمارەیـان چەندە.[١] پێغەمبەر ﷺفەرموویەتی: (... أَسْأَلُكَ بِكُـلِّ اسْـمٍ هُـوَ لَكَ، سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ، أَوْ أَنْزَلْتَهُ فِي كِتَابِكَ، أَوْ عَلَّمْتَـهُ أَحَـدًا مِـنْ خَلْقِكَ، أَوْ اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِي عِلْمِ الْغَيْبِ عِنْـدَكَ، أَنْ تَجْعَـلَ الْقُـرْآنَ رَبِيعَ قَلْبِي، وَنُورَ صَـدْرِي، وَجِـلَاءَ حُـزْنِي، وَذَهَـابَ هَمِّـي...).[٢] واتە: پەروەردگار لێت دەپاڕێمەوە، بە هەموو نـاوێکی خـۆت، کە خۆت بۆ خۆتت داناوە، یان لە قورئانەکەتدا داتبەزانـدووە، یـان

(١) لە فەرموودەیەکدا لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە کە الله تعالی نەوەد و نـۆ نـاوی هەیە، هەرکـێ بیانژمێرێـت و لەبەریـان بکـات دەچێـتە بەهەشتەوە، مەبەستی فەرموودەکە – وەکو زانایان فەرموویانە- ئەوە نیـیە کە الله تعالی تەنها ئەو نەوەد و نۆ ناوەی هەیە، (ابـن تیمیـة) کـۆدەنگی زانایانی لەسەر ئەوە گواستووەتەوە کە کەس ناتوانێت ژمارەی ناوەکـانی الله تعالی بزانێت.

(٢) رواه احمد،( السلسلة الصحيحة للألباني جـ١ حديث ١٩٩ ).

کەسێکت لە بەندەکانت فێر کردووە، یان لە زانستی غەیب و نادیاردا لەلای خۆت هێشتووەتەوە، کە قورئان بکەیتە بەهاری دڵ و ڕوناکی ناخ و هۆکاری لابردنی پەژارە و نەمانی خەمەکانم.

**پرسیار:** دوو ناو لە ناوەکانی الله باس بکە؟

**وەڵام:** الرحمن، واتە: بەسۆز و میهرەبان. العلیم: واتە: زانا بە هەموو شتێك.

**پرسیار:** الله تعالی لە کوێیە؟

**وەڵام:** الله تعالی لە سەر عەرشە لە ئاسمان.

**پرسیار:** بە چی الله تعالی دەناسیت؟

**وەڵام:** بە نیشانەو بە دروستکراوەکانی، وەکو شەو ڕۆژ و خۆر و مانگ و ئاسمان و زەوی و ئەوەش کە لە نێوانیاندا هەیە. الله تعالی فەرموویەتی: (وَمِنْ آيَاتِهِ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ لا تَسْجُدُوا لِلشَّمْسِ وَلا لِلْقَمَرِ وَاسْجُدُوا لِلَّهِ الَّذِي خَلَقَهُنَّ إِنْ كُنْتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ).[١] واتە: لە بەڵگەکانی اللە لەسەر دروستکراوەکانی و ئاماژەی بۆ تاك و تەنهایی خۆی،

(١) فصلت: ٣٧.

جیـاوازی شـەو و ڕۆژەو هاتنیـان بە داوی یەکـتردا، خەڵکیـنە کرنوش بۆ خۆر و بۆ مانگ مەبەن، بەڵکو سەجدە بۆ اللـە بـبەن کە شەو وڕۆژ و خۆر و مانگی درووسـت کـردووە، ئەگـرە ئێـوە الله دەپەرستن و بە ملکەچی گوێڕایەڵی بۆ دەکەن.

**پرسیار:** پێناسەی عیبادەت بکە؟

**وەڵام:** عیبادەت وشەیەکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو ئەوەی اللـە پێی خۆشە و پێـی ڕازی دەبێـت لـە گوفتـار و کـرداری دیـار و شاراوە.

**پرسیار:** عیبادەت چەند مەرجی هەیە و ئەو مەرجانە چین؟

**وەڵام:** عیبادەت دوو مەرجی هەیە:

یەکەم: تەنها بـۆ اللـە بێـت و هـیچ مەبەسـتێکی تـری وەکـو بەدەسـتهێنانی بەرژەوەنـدی و ڕازی کردنـی خەڵکـی تێکـەڵ نەبێت.

دووەم: شوێنکەوتنی پێغەمـبەر ﷺ ی تێـدا ڕەچـاو بکرێـت. ئەگەر کەسێك عیبادەتێك بکات و بەڵـگەی لە سـوننەتی رسـول الله ﷺ نەبێت، عیبادەتەکەی پوچەڵەو دەدرێتەوە بە سەریدا.

**پرسیار:** چەند جۆرێکی عیبادەت باس بکە؟

**وەڵام:** نوێژ، زەکات، ڕۆژوو، حەج، چاکە کردن لەگەڵ دایك و باوك، پاڕانەوە ترس و خۆشەویستی بۆ الله و زۆر شتی تر.

**پرسیار:** ئەگەر کەسێك عیبادەتێك لە عیبادەتەکان بۆ غەیری الله ئەنجام بدات، حوکمی چییە لە ئیسلامدا ؟

**وەڵام:** حوکمی ئەوەیە پەیوەندی بە ئایینی ئیسلامەوە نامێنیت و لە دین دەردەچێت، با نوێژوو ڕۆژوویش ئەنجام بدات و بڵێت من موسوڵمانم.

**پرسیار:** پێچەوانەی تەوحید چییە؟

**وەڵام:** پێچەوانەی تەوحید شیرك و هاوبەش بۆ الله دانانە، ئەوەیە بە زمان شایەتمان بهێنیت و بە کردەوەت پێچەوانەی ئەو شایەتمانە کار بکەیت.

**پرسیار:** شیرك واتای چییە؟

**وەڵام:** شیرك واتە وا بزانیت الله هاوتاو هاوشێوەیەکی هەیە لە هەر مافێك لە مافەکانیدا، یان لە جیاتی کیتاب و سوننەت بەرنامەیەکی تر بۆ ژیانت پەیڕەو بکەیت.

**پرسیار:** جۆرەکانی شیرك چین؟

**وەڵام:** جۆرەکانی شیرك دوانن.

یەكـەم: شـیركی گـەورە كـە خاوەنەكـەی لـە دینـی ئیسـلام دەردەكات.

دووەم: شـیركی بچـووك: كـە خاوەنەكـەی لـە دینـی ئیسـلام دەرناچێت.

**پرسیار:** نموونەیەك لە شیركی گەورە باس بكە؟

**وەڵام:** نەزر كردن و سەربڕین و قوربـانی كـردن بـۆ غـەیری اللـە. هـاوار كـردن و داوای هاوكـاری و بە هانـاوە هـاتن لە مـردووان، سـیحرو جـادوو وفـاڵگرتنەوە، خۆشەویسـتی و گـوێڕایەڵی هەر كەسێك، یـان بتێـك، یـان تەوژم و لایەنێـك، بە شـێوەیەك ملكەچـی بێـت، بە شـێوەیەك خۆشەویسـتی و گوێڕایەڵیان بخاتە پێش خۆشەویستی و گوێڕایەڵی الله تعـالی و پێغەمبەرەكەی ﷺ. الله تعالی فەرمـوویەتی: (وَمِنَ النَّاسِ مَـن يَتَّخِذُ مِن دُونِ اللَّهِ أَندَاداً يُحِبُّونَهُم كَحُبِّ اللَّهِ وَالَّذِيـنَ آمَنُـوا أَشَدُّ حُبّاً لِلَّهِ وَلَو يَرَى الَّذِينَ ظَلَمُوا إِذ يَرَونَ العَذَابَ أَنَّ القُوَّةَ لِلَّهِ جَمِيعاً وَأَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ العَذَابِ).[١] واتە: هەندێ لە خەڵكـی

(١) البقرە: ١٦٥.

کەسانێکیان خۆش دەوێـت و دەیـانکەن بە هاوتـای اللـە، بەڵام ئیماندارانی الله یان لە هەموو کەسێك خۆشتر دەوێت.

**پرسیار:** نموونەیەك بۆ شیرکی بچووك باس بکە؟

**وەڵام:** سوێندخوارن بە غەیری الله، وەکو سوێند خـواردن بە بـاوك و بە نیشـتمان و بەشـەرەف و..هتـد ، ڕوپامـایی و ڕییـایی کردن، ڕەشبینی و بە شووم تەماشا کردنی شتێك.

**پرسیار:** طاغوت مەعنای چییە؟

**وەڵام:** طاغوت بریتییە لەو کەسەی یان ئەو شتەی بەنـدە لـە ئاستی خۆی دەری بکات و بەرزی بکاتەوە لە هەر پەرسـتراو و شوێنکەوتوو گوێڕایەڵی بۆ کراوێك. هەرکێ بەرنامە وڕێبازێك کە نـاکۆك لەگەڵ بەرنـامەو ڕێبـازی ئیسـلام دابنێـت و خەڵکـی گوێڕایەڵی بکەن ئەوە تـاغوتە، بە کـورتی تـاغوت هەر کەسێکە سنووری خۆی ببەزێنێت و بانگەشەی شتێك بۆ خۆی بکات کە تایبەتە بە الله تعالی، یان تایبەتمەندی لەو جۆرەی بدرێتە پاڵ و رازی بێت، یان بە ناڕاستەوخۆ و بەبێ دەنگ بوونی ڕازی بێـت، بەڵام پێغەمـبەران و پیاوچاکـانی مـرۆڤ و جنۆکەکـان کە دوای مردنیان دەپەرسترێن بـێ ئەوەی ڕازی بـووبێتن، تـاغوت ئەوانە ناگرێتەوە.

**پرسیار:** ژمارەی تاغوتەکان چەندن و سەرانیان چەندن؟

١- ئیبلیسی نەفرەت لێکراو.

٢- کەسێك بپەرسترێت و خۆی بەوە ڕازی بێت.

٣- کەسێك بانگهێشتی خەڵکی بکات بۆ ئەوەی بیپەرستن.

٤- کەسێك بانگەشەی ئەوە بکات کە زانستی شاراوە (علم الغیب) دەزانێت.

٥- کەسێك حوکم بە قورئان و سوننەت نەکات و حوکم بە سەرچاوەو یاسای تر بکات جگە لەو دوو سەرچاوە.

**پرسیار:** چین ئەو بنەمایانەی پێویستە موسوڵمان پەیڕەوییان لێ بکات و بیانزانێت؟

**وەڵام:** پێویستە بەندەکان پەروەردگار و دین و پەیامبەری خۆیان بە باشی بناسن، کەمتەرخەمی لەو بارەوە کارێکی زۆر ترسناکە و دەبێتە مایەی سەرگەردانی دونیا و سزا و شەرمەزاری دواڕۆژ.

# بەشی شەشەم
# چەند زانیارییەکی گرنگ دەربارەی عەقیدەی ئیسلام

**پرسیار:** پێویستە موسوڵمان عەقیدەو بیروباوەڕی لە کوێ وەربگرێت؟

**وەڵام:** پێویستە تەنها لە قورئان و لە سوننەتی ڕاست و دروستی پێغەمبەری ئیسلام ﷺوەریبگرێت، وەکو الله تعالى فەرموویەتی: (وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ ، إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ)[1] واتە: پێغەمبەر (ﷺ) لە ئارەزووی خۆیەوە قسەناکات، چونکە قورئان و سوننەتیش وەحیە لە لای پەروەردگارەوە بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ).

هەروەها پێویستە ئەوەش بە تێگەیشتنی هاوەڵان و پێشینانی چاکی ئەم ئوممەتە بێت لەو زانایانە کە پەیڕەوی لە قورئان و

(١) النجم: ٤.

سـونەت دەکەن و لەسـەر تێگەیشـتنی سـەلەف لە قورئـان و سوننەت تێدەگەن.

**پرسیار:** کام کۆمەڵ لـە رۆژی قیامەتـدا ڕزگاریـان دەبێـت و سەرفراز دەبن؟

**وەڵام:** ڕەسول الله (ﷺ) فەرموویـەتی: (وتفـترق أمتـي عـلى ثلاث وسبعين ملة كلهم في النار إلا ملة واحدة. قالوا: ومن هي يا رسول الله ؟ قال: ما أنا عليه وأصحابي)[١]. واتە: ئوممەتی من دەبنـە حـەفتا و سـێ بەشـەوە، هـەموویان لـە دۆزەخـدان یـەك کۆمـەڵیان نـەبێت، وتیـان: ئـەو کۆمەڵـە کـێن ئـەی ڕەسـول؟ فەرمووی: ئەوانەن کە لەسـەر ڕێگـەو ڕێبـازی مـن و هـاوەڵانی منن. حەق ئەوەیە کە پێغەمـبەری ئیسـلام و هـاوەڵان لەسـەری بوونە، هەرچیش لە دیندا ئەوان ئەنجامیـان نەداوە بـاش نیـیە و خێـری تێـدا نیـیە، تـۆیش ئەگـەر دەتـەوێت ڕزگـارت ببێـت و کردەوەکانت لە لای الله وەرگیراو بن، پێویسـتە شـوێنکەوتووی ئەوان بیت و خۆشت بوێن وخۆت لە بیدعەو داهێنان لـە دینـدا بە دوور بگریت.

---

(١) أحمد والترمذي.

**پرسیار:** ئایا الله لە گەڵماندایە؟

**وەڵام:** بەڵێ لە گەڵماندایە (وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنْتُمْ).[١] لەگەڵمانە بە زانستی بە بیستنی بە بینینی بە پاراستنی و بە ویست و توانای، لەسەر عەرشی خۆیەتی و لە سەرووی هەموو دروستکراوەکانێتی:(الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى)[٢] واتە: الرحمن بە شێوەیەك شایستە بێت لەگەڵ گەورەیی و مەزنی خۆیدا چووە سەر عەرش.

**پرسیار:** ئایا الله بە چاو ئەبینرێت؟

**وەڵام:** زانایانی ئیسلام یەکدەنگن لەسەر ئەوەی الله لە دونیادا نابینرێ، بەڵام موسوڵمانان پەروەردگاریان لە حەشرگەو لە بەهەشتدا دەبینن، الله تعالى فەرموویەتی: ( وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ * إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ )[٣]. واتە: ڕوخساری بەختەوەرەکان لە ڕۆژی قیامەتدا گەشاوە و جوان ونەرمە، پەروەردگارو سەرگەورەو مەزنی خۆی دەبینێت و چێژ لەو بینینە دەکات.

(١) الحديد:٤

(٢) طه: ٥

(٣) القيامة: ٢٢ - ٢٣

**پرسیار:** پێناسەی قورئان چییە؟

**وەڵام:** فەرموودەی الله یە کە خوێندنەوەی عیبادەتە ولەلای الله وە هاتووەو بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە، جیبریل علیه السلام لێی بیستووە و بە پێغەمبەری گەیاندووە (ﷺ) و هەموو کتێبە ئاسمانییەکانیش قسە و کەلامی الله یە.

**پرسیار:** ئایا دەکرێت تەنها کار بەقورئان بکەین و دەستبەرداری سوننەتی ڕەسول الله بین (ﷺ)و بڵێین قورئانمان بەسە؟

**وەڵام:** نەخێر بە هیچ شێوەیەك نابێت دەستبەرداری سوننەت بین و الله تعالی خۆی فەرمانی بە کارکردن بە سوننەت و وەرگرتنی سوننەت کردووە وفەرموویەتی:

﴿ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا ﴾[١]

واتە: ئەوەی پێغەمبەر ﷺ بۆی هێناون وەریبگرن و ئەوەشی لێ قەدەغە کردوون لێی دوور بکەونەوە، سوننەتیش ڕوونکردنەوەو تەفسیرە بۆ قورئان، لە فەرموودە دا هاتووە: ) ألا إنِّي أوتيتُ الكتابَ ومثلَهُ معهُ ، ألا يُوشِكُ رجُلٌ شبعانٌ على أريكتِهِ يقولُ

(١) الحشر: ٧

عليكُم بِهذَا القُرآنِ فما وجدتُم فيهِ مِن حَلالٍ فأحلُّوه وما وَجدتُم فيهِ مِن حرامٍ فحرِّمُوه (1) واتە: مـن قورئـان و هاوشـێوەکەیم بـۆ هاتووە کە سوننەتە کە وەکو قورئان پێویستە پەیـڕەوی لە حەڵاڵ و لە حەرامی بکرێت، ئیسـلام لە هەردوو سـەرچاوەی کیتـاب و سـونەت وەردەگیرێـت و لادان لە سـوننەت لادانە لە ئیسـلام، هەرکێ باوەڕی بە سـوننەت نەبێـت یەکسـانە بەوەی بـاوەری بە ئیسـلام نیـیە، چـونکە زۆربەی وردەکـاری و شـیکردنەوەی حوکمەکانی ئیسلام لە سوننەتدا هاتووە.

**پرسیار:** ئەگەر ناکۆکی کەوتە نێوانمانەوە لەسەر مەسـەلەیەك بۆ چارەسەر کردنی بۆ چی سەرچاوەیەك بگەڕێینەوە ؟

**وەڵام:** بـۆ قورئـان و بـۆ سـوننەتی ڕاسـت و درووسـت دەگەڕێینەوە، نەك بـۆ سـەرچاوەی تر،اللـە تعـالی فەرموویـەتی: ﴿فَإِنْ تَنَـازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَـرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُـولِ ﴾(2) واتـە: ئەگـەر نـاکۆکی لەسـەر شـتێك کەوتـە نێوانتانـەوە بـۆ چارەسـەرکردنی بـۆ لای اللـە و ڕەسـول بگەڕێنـەوە. هـەروەها

(1) أحمد وأبو داود

(2) النساء: ٥٩

پێغەمبەری ئیسلام فەرموویەتی: (تركت فيكم أمرين لن تضلوا ما تمسكتم بهما: كتاب الله وسنة نبيه).[١] واتە: لە دوای خۆم دوو شتم بۆ بە جێ هێشتوون ئەگەر دەستیان پێوە بگرن هەرگیز گومڕا نابن: کتێبی الله و سوننەتی پێغەمبەرەکەیەتی (ﷺ).

**پرسیار:** مەزنترین و گەورەترین تاوان لە لای الله چییە؟

**وەڵام:** شەریك بۆ الله بڕیاردانە وەکو خۆی فەرموویەتی: ﴿إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴾[٢]. واتە: هاوبەش بۆ الله دانان ستەمێکی هەرە گەورەیە.

**پرسیار:** حوکمی ڕۆیشتن بۆ لای فاڵچی و کتێبگرەوە چییە؟

**وەڵام:** ئەوە کارێکی قەدەغەکراوەو حەرامە، ئەگەر کەسێك بچێتە لایان با باوەڕیش بە قسەکانیان نەکات، چل ڕۆژ نوێژی لێ وەرناگیرێت، وەکو لە فەرموودەی صحیح دا هاتووە: (مَن أتَى عَرَّافًا فَسَأَلَهُ عن شيءٍ، لَمْ تُقْبَلْ له صَلاةٌ أرْبَعِينَ لَيْلَةً)[٣].

---

(١) أخرجه مالك في (الموطأ) (٨٩٩/٢) بلاغاً.

(٢) لقمان: ١٣

(٣) مسلم: ٢٢٣٠.

واتە: هەر کەسێك بچێتە لای فاڵچییەك و پرسیاری شتێکی لێ بکات چل شەو نوێژی لێ وەرناگیردرێت.

**پرسیار:** ئایا درووستە جگە لە کەعبە بەدەوری هیچ بینا و گۆڕێك، یان هەر شتێکی تردا بسوڕێینەوە؟

**وەڵام:** لە سەر زەویدا جگە لە کەعبە هیچ جێگەیەکی تر نییە کە درووست بێت تەواف و سوڕانەوە بە دەوریدا ئەنجام بدرێت.

الله تعالی فەرموویەتی: ﴿ وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ ﴾[١].
واتە: بەدەوری ماڵی دێرین و بەنرخی اللە (کەعبە)دا، با (طواف) بکەن.

**پرسیار:** کلیلی بەهەشت بریتییە لە چی؟

**وەڵام:** ( لا إله إلا الله) کلیلی بەهەشتە، هاوەڵی بەڕێز ئەبو موسای ئەشعەری دەفەرموێت: لە گەڵ هەندێك لە خزمانمدا چووینە لای پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش فەرمووی: (أَبشِروا ، و

(١) الحج: ٢٩

بَشِّروا مَن وراءَكم ، أنه من شهد أن لا إلـه إلا اللهُ صادقًا بها دخل الجنَّةَ)[١].

واتە: موژدەتان لێ بێت و موژدەش بەوانە بدەن کە لەگەڵتاندا نەهاتوون، کە هەر کەسێك بە ڕاستەوە بڵێ: ( لا إلـه إلا الله) دەچێتە بەهەشتەوە. بۆیە پێویستە سوور بیت لەسەر جێبەجێ کردنی مەرجەکانی (لا إله الا الله) و لە هەموو شیرك و گومانێك پاراوی بکەیتەوە، یان لە هەر عیبادەتێکی دڵ و ئەندامەکان کە لەگەڵ (لا إلـه الا اللـه ) ناکۆك بێت و تێك بگیرێت، چونکە ئەوە ڕێگای چوونە بەهەشتە بۆ موسوڵمان.

جێبەجێ کردنی (لا إلـه الا اللـه) بە تەنها وتن و دووبارە کردنەوەی ئەو وشە نییە بە زمان، بەڵکو پێویستە بە گوفتار و بە باوەڕهێنان و بە کردار بیسەلمێنێت و لە خۆتدا بەرجەستەی بکەیت، گەورەترین کێشەی موسوڵمانانیش لەم سەردەمەدا ئەوەیە پێناسە و مەرج و هەڵوەشێنەرەوەکانی (لا إلـه الا اللـه) وەکو پێویست نازانن و نایشزانن کە نازانن.

---

(١) صحيح مسند الإمام أحمد ٤ /٢١١

# بەشی حەوتەم
# چەند ڕێگەو شێوازێك بۆ فێرکردنی تەوحید بۆ منداڵان

دەکرێت بە چەندین ڕێگـە بیروبـاوەڕی تەوحیـد وبنـەماکانی ئیمان فێری منداڵان بکەین، ئەمەی خوارەوە چەند ڕێگەیەکە کـە هەندێ لە توێژەرانی ئەو بوارە دیارییان کردووە.وەکو :

یەکەم: شێوازی پرسیارو وەڵام: ئەم شێوازە خـودی پێغەمبـەر (ﷺ) بە کاریهیناوە، بۆ نموونـە: پرسـیاری دەکـرد: أيـنَ اللـهُ ؟ واتە: الله لە کوێیە؟ پرسیارەکانیش بە شـێوەیەك دەبێـت بکرێـت وەڵامەکەی کورت بێت، وەکو ئەم پرسیارەی سەرەوە بۆ نموونـە: الله لە کوێیە؟ الله لە سەر عەرشە لە ئاسمان.

دووەم: ناساندنی الله بە منداڵان، بۆ ئەوەی خۆشیان بوێت و بیپەرسـتن، بەڵام باشـترە بـۆ ئەوانەی کە زۆر منـداڵن وەکـو دەوروبەری تەمەنی پێنج ساڵان، تەنها باسی خۆشی و باشەیان بۆ بکرێت و باسی ڕەحمەت و چاکەی پەروەردگاریان بۆ بکرێت و باسـی سـزا و دۆزەخیـان بـۆ نەکرێـت، تـاکو تەمەنیـان لەوە گەورەتر دەبێت وئامادە دەبن بـۆ هەنـدێ باسـی تـر، چـونکە لە

بنچینەدا تەرغیـب و تەرهیـب لە قورئـان و لە سـوننەتدا بـوونی هەیە و پێویسـتە لە دوای تەمەنـی حەوت سـاڵانەوە پەنـای بـۆ ببرێت چونکە ئەوەش جۆرێکە لە پەروەردە کردن.

ئەگــەر کەسـێك بــاش نەناسـیت ناتوانیـت پلــەو پایــەی شایسـتەی خـۆی پـێ بـدەیت، یـەکێکیش لـە ڕێگـەکانی ئـەو ناساندنە ئاسان کردن و پوخت کردنەوەی ناوو سیفەتەکانی الله یە بە شێوازی هەمەرەنگ و جیا جیا.

بۆ نمـوونە سـەبارەت بە تەوحیـدی ئولـوهییەت، دەکرێـت بە نموونەی ئاسان هەندی واتا و چەمکـی تەوحیـد لەلای منـداڵ بچەسپێنیت، بـۆ نمـوونە پێـی دەڵێیـت: ئـێمە نـوێژ و زەکـات و ڕۆژوو و حەج کـردن و پاڕانەوەمـان تەنهـا بـۆ اللـە یە، یـان سەبارەت بە تەوحیدی الربوبیة دەگونجێت بە نمـوونەی سـادەو ئاسـان هەنـدێ هەل بقـۆزینەوە و پێیـان بڵێـین: اللـە تعـالی لە هەموو شتێکی ئێمە ئاگادارە و هیچی لێ شاراوە نیـیە، نیعمەتـی زۆرە لە سەرمان ، فەزڵی فراوانە لەگەڵمان ، چاکەی فرەیە بۆمان.

سەبارەت بە تەوحیدی ئەسمائو سـیفاتیش لە هەنـدێ کاتـدا، دەتوانین هەندێك لە ناوەکانی اللـە هەڵبژێـرین و بۆیـانی بـاس بکەین، بۆ نموونە دەربارەی ناوی (العلیم) بە منـداڵەکە دەڵێـین

مەعنای زانایە بە هەموو شتێك، هەرچی نهێنیمان هەیە لەلای العلیم ئاشکرایەو ئاگای لێمانە.

سێیەم: ناساندنی ڕسول اللە (ﷺ) بە شێوەیەکی سووك و ئاسان و دڵگیر بۆ منداڵان بۆ ئەوەی خۆشیان بوێت و گوێڕایەڵی بکەن، لەو بارەشەوە دەکرێت باسی قۆناغی منداڵیی پێغەمبەر بکەین (ﷺ) و هەڵوێستی لە منداڵان و پێکەنین و گاڵتەکردنی لەگەڵ ئەوان و هەروەها باسی ڕەوشتە جوانەکانی بکەین.

چوارەم: تەفسیرێکی پوخت و جوانی ئەو سورەتانەیان بۆ بکەین کە باسی عەقیدە و بیروباوەری لە خۆ گرتووە، وەکو تەفسیری سورەتەکانی: (الفاتحة، الإخلاص، الفلق، الناس). هەروەها هەندێ فەرموودەی پەیوەندیدار بە عەقیدەوە بۆ شەرح ئەکەین بە شێوەیەکی ئاسان و بە شێوازێکی جوان.

پێنجەم: لە ڕێگەی ڕەنگ کردنی وێنەو پڕکردنەوەی هەندێ نیگار و نەخشە کە واتای عەقیدەو تەوحیدی لە خۆ گرتبێت.

شەشەم: لەبەرکردنی هەندێ هۆنراوەی عەقیدەو جەختکردنەوە لە سەر تەوحید و بیروباوەڕی ئەهلی سوننەت، وەکو: هۆنراوەکەی (ابن تيمية) کە ناسراوە بە (لامية ابن تيمية)

یان ( سلم الوصل الى علم الأصول) و شەرح کردنی بۆیان بە شێوازێکی زۆر ئاسان و دڵگیر.

حەوتەم: گرێدانی هەندێ هەڵوێست و ڕووداو لە ژیانی منداڵاندا بە عەقیدە بیروباوەڕەوە، بۆ نموونە:

- لە کاتی نەخۆشکەوتنیدا فێری ئەوەی ئەکەین دڵی بە پەروەردگارییەوە ببەستێت و لێی بپاڕێتەوەو ئومێدی بە خوا هەبیت و روقیە بکات.

- لە کاتی دەرکەوتنی مانگی چواردە بە جوانی لە ئاسماندا، جەریری کوری عەبدوڵای بەجەلی دەفەرموێت، لەلای پێغەمبەر بووین ﷺ کاتێك مانگی بینی و فەرمووی ئێوە چۆن ئەو مانگە دەبینن بەو شێوە پەروەردگارتان دەبینن.. (إِنَّكُمْ سَتَرَوْنَ رَبَّكُمْ كما تَرَوْنَ هذا القَمَرَ، لا تُضَامُّونَ في رُؤْيَتِهِ)[1]. واتە: ئێوە ئەی ئیمانداران وەکو چۆن مانگی چواردە دەبینن ئێستا، بەو شێوە لە ڕۆژی قیامەتدا پەروەردگارتان دەبینن بەبێ هیچ جیاوازی وگومانێك.

---

(١) رواه البخاري كتاب مواقيت الصلاة » باب فضل صلاة العصر.

هەشتەم: لە ڕێگەی پەروەردە کردنیـان لەسـەر خۆشەویسـتی هاوەڵان الله لێیـان ڕازی بێـت، وەکـو مـالیکی کـوری ئەنـەس دەیفەرموو: (كان السَّلَفُ يُعلَّمونَ أولادَهُـمْ حُـبَّ أبي بكر وعمر كَمَا يُعلَّمونهم السُّورةَ مِّنَ القُرآن) [1]. واتە: پێشـینانی چـاکی ئەم ئوممەتە خۆشەویستی ئەبو بەکر و عومەریان فێری منالّـەکانیان دەکرد، وەکو چۆن سورەتێکی قورئانیان فێر ئەکردن.

نۆیەم: منداڵان فێر بکرێن لە کاتی هـاتنی نیعمـەتێك لـەلای پـەروەردگارەوە یـان ڕزگـار بوونیـان لـە ناخۆشـی و ئازارێـك سەجدەی سوپاسگوزاری بـۆ الله ببـەن، بـۆ ئـەوەی دڵیـان بـە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو نیعمەتە ببەستینەوە.

دەیەم: ناساندنی دایکـانی ئیمانـداران و ئالوبـەیتی پێغەمـبەر (ﷺ) بـە منالّـەکانمان بـە ڕێگـەی گونجـاو بـۆ ئـەوەی ڕێـزو خۆشەویستی ئـەوانیان لـەلا درووسـت بکـەین لـەو تەمەنـەوە، ناونـانی منـداڵە کچەکـانیش بە نـاوی دایکـانی ئیمانـدارانەوە جۆرێکە لە چاندنی ئەو خۆشەویستییە لە دڵ و دەرونیاندا.

(١) تاريخ دمشق ٣٨٣/٤٤).

یانزەیەم: هەندێ وشەو دەربڕین و دەستەواژە لەبەردەم منداڵەکانماندا بە مەبەست وئەنقەست دووبارە بکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەوانیش لە ژیانیاندا بە کاریبهێنن، وەکو:

- قدر الله وما شاء فعل: الله هەرچی بیەوێت لە توانایدایە وئەیکات.

- توكل على الله : پشت بە الله ببەستە.

- لا إله إلا الله: دەکرێت لە زۆر کات و حاڵەتدا بوترێت بۆ ئەوەی لەلای منداڵان وشەیەکی ئاشنا بێت.

- الله يراك: الله هەمیشە دەتبینێت.

- الله قدير: الله بەتوانایە.

- الله كريم: الله بەخشندەیە.. یان هەر قسەو دەستەواژەیەکی تر کە واتا ئیمانی و عەقیدەییەکان لە دڵی مناڵاندا بچەسپێنێت. هەرها دەکرێت لە ڕێگەی سازکردنی پێشبڕکێ و هەندێ بەرنامەی ئەلیکترۆنی و درووستکردنی نمایشی پاوەرپۆینت و درووستکردنی فلاش..هتد

یان ئاراستە کردنی مناڵ بۆ ڕازاندنەوەی ژوورەکەی بە هەندێ تابلۆ کە واتای جوان و ڕیك و پێکی بیروباوەڕ و تەوحیدی لەسەر نووسرابێت.

# بەشی هەشتەم

# کاریگەری فیلمی کارتۆنی لەسەر عەقیدەو بیروباوەڕی منداڵان

بیروباوەڕو عەقیدەی ئیسلامی کاریگەری زۆری لەسەر ژیـانی تاك و کۆمەڵ هەیە، ئەگەر ئەو بیروباوەڕە لە دڵدا تۆکمەو جێگیر بێـت، دەبێـتە مـایەی هیـزو ئاسـوودەیی بـۆ خـاوەنەکەی و بە پێچەوانەشەوە هۆکاری لاواز بوون بچێتە سـەر ئەو بیروبـاوەڕە، کاریگەری نەخوازراو لەسەر خـاوەنەکەی بەجـێ دەهێڵێـت و گۆرانکاری خراپی تێدا درووست دەکات.

بەرنامەی وێنە جووڵاوەکـانیش یەکـێکە لەو هۆکـارانەی کە دەبێتە مایەی تێکدانی عەقیدەی منداڵان، بەتایبەتی کە زۆربەی فیلمـی کــارتۆن و بەرنــامەی وێــنە جووڵاوەکــان و یــارییە ئەلیکترۆنییەکان، نەك تەنها لە ڕوانگەی بیروباوەڕێکی ڕاسـتەوە درووست نەکـراون، بەڵکـو لە بنچیـنەدا بـۆ ئەوە دروسـتکراون کاریگەری خراپ لەسەر منـداڵی موسـڵمان درووسـت بکـات و بیروباوەڕی ئیسلامیان لەلا تێك بدات و بشێوێنێت.

زۆرێـــك لە فـــیلمە کارتۆنییەکـــان لە مەودای دووردا و لە چەندین ڕووەوە، زیانی زۆر بە بیروباوەڕ وکەسایەتی و ئاینـدەی مناڵەکانمان دەگەیەنن، لەوانە:

١- ئەو فـیلمە کارتۆنیـانە سـەرچاوەی درووسـت کـردن و هاتنیان لە ڕۆژئاوای گاور و جولکەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە بە ئاشـکرا ڕەهەنـدی ئایینیـان تێـدایە، لەلایەکەوە بـرەو بە بیروباوەڕەکـانی خۆیـان دەدەن وەکـو عەقیـدەی (تثلیـث) واتە: بیروباوەڕی سێ خودایی، لەلایەکی تریشـەوە بە ناڕاسـتەوخۆ – هەنـدێ جـاریش بە ڕاسـتەوخۆ - لە بیروبـاوەڕ و عەقیـدەی ئیسـلامی دەدەن و لە زەینـی منداڵانـدا ناشـیرینی دەکەن و دەیشێوێنن و بـۆ ئێسـتا و داهاتوویـان گومانیـان بـۆ درووسـت دەکەن.

بە شێویەکی گشتی ئەم فـیلمە کـارتۆنییە دۆبـلاج کـراوانە لە ڕۆژئاواوە ئاراستەی ئێمە کـراون و زۆر داب و نەریتـی نـامۆ و نەگونجاو لەگەڵ دینەکەماندا بڵاو دەکاتەوە.

شـــایانی باســـە زۆربەی کۆمپانیـــا بەناوبانگەکـــانی درووستکردنی وێنەی جوڵاو وەکو: (والت ديزني) (ورنر بـرذر) (تیرنر برذر) خاوەنەکانیان جولەکەن.

٢- فیلمە کارتۆنییەکان هەمیشە وا دەریـدەخەن کە گەردوون لە لایەن هەنـدێ بـوونەوەری ئەفسـوناوی و خەیـاڵییەوە بە ڕێوەدەبرێت و هاوکات باوەڕ بە سیحرو جـادوو لەلای منـداڵان دەچەسپێنن، کە سـاحیرو جادوبازەکـان وا وێنـا دەکەن توانـای بەختەوەر کردن و بەدبەخت کردنی خەڵکیان هەیە.

٣- ناشیرین کردنـی قەدەر: لە هەنـدێ فیلمـی کارتۆنیـدا بـۆ نموونەی زنجیرە کارتۆنی (ڕیمی) هەموو جارێك کە ڕیمی نزیك دەبێتەوە لەوەی بگاتە دایکی، قەدەر دێـت و ڕێـگەی نـادات بە دایکـی بگـات و لێـی دوور دەخـاتەوە، تەنـانەت لە وەرگێـڕانە عەرەبییەکەیدا دەڵێت: (ما زالت الأقدار تَتابَعُ على ريمـي) واتە: قەدەرەکان بە دوای یەکدا و پەیتـا پەیتـا دێـنە سـەر ڕیمـی! بەم شێوەش منداڵ ڕقی لە قەدەر دەبێتەوە کە ڕێگرە لە گەیشتنی ئەو کچە بە دایکی!

٤- زۆر جار لە فیلمە کارتۆنەکانـدا وەکـو ڕێـز و شـێوازێکی سڵاو و پێشوازی کردن لە بەرانبەر، دەبینین کەسـەکە خـۆی بـۆ کەسی بەرانبەر دەچەمێنیتەوە، یـان کڕنووشـی بـۆ دەبـات و ئەم مەسـەلە کە لە ئیسـلامدا دروسـت نیـیە مرۆڤەکـان لە نێـوان خۆیاندا دەیکەن و، دەبینین لەلای منداڵەکان ئاسایی دەبێتەوە.

٥- لە فیلمە کارتۆنییەکاندا، دروشمەکانی بێ باوەڕان و کەسایەتییەکانیان کە وەکو سونبول و پێشەنگ وێنایان دەکەن، دەردەکەون و دەبنە شتگەل و کەسانێکی زۆر ئاسایی و چاکەکار، لە هەندێ لەو فیلمانەدا بەڕاشکاوی هێماکانی خاچ و پەیکەری بوزا و خودای خۆشەویستی و چاکەو بەختەوەری! و ئەو شتانە دەبینرێن.

٦- هەروەها فیلمە کارتۆنییەکان چەندین شوێنەواری نەرێنی و نەخوازراوی کۆمەڵایەتییان لێ دەکەوێتەوە، لەوانە ئەم منداڵانە دەکەونە ژێر کاریگەری هەندێ کەسایەتی بێ باوەڕان و سەرسام بوون بە کۆمەڵگاکانیان، بەڵکو بە هۆی ئەو فیلمانەوە دەگونجێت کوڕان هەڵگەڕێنەوە سەر باوکانیانداو شیرازەی خێزانەکان تێکبچن.

٧- هەروەها بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا،لە ڕووی ئاکار و ڕەوشتەوە دەبینین ئەو فیلمانە هەڵگری پەیامێکن کە بریتییە لە بانگهێشت کردنی کۆمەڵگا بۆ ڕووتی ئافرەتان و دەرخستنی جەستەیان و پۆشینی جۆرەها جل و بەرگ کە نە ڕەچاوی شەرع و نە ڕەوشت و نە بەها ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی تێدا ناکرێت، بۆ نموونە زۆر حاڵەتی لەو جۆرە لە فیلمی کارتۆنی ( ساسۆکی)

و زنجیـرەی (موکاموکـا)دا دەبینـین، هەروەهـا لە زنجیـرەی (المحقـق کونـان) هەمیشـە لە لێکۆڵینەوەکانـدا بەسـەرهاتێکی خۆشەویسـتی لە خـۆ دەگرێـت، بەوەش شـفرە و پەیـامێکی ناڕاستەوخۆی خراپ بە جگەرگۆشەکانمان دەگەیەنن.

بەڵکو هەنـدێ جـار ئەو فـیلمە کارتۆنیـانە پەیامێـك لە خـۆ دەگرن کە ئەویش هاندانی کچان و کوڕانە بۆ درووست کردنـی پەیوەندی خۆشەویستی ناشـەرعی لە نێـوان خۆیانـدا، چـونکە کۆمەڵێکی زۆر لە شێواز و میکانیزمی سـەرنجڕاکێش لەوبـارەوە پێشکەش دەکەن.

بۆ نموونە لە کـارتۆنی (فـرۆزن_ شـاژنی بەفـر) لە چەنـدین دیمەنی ناو ئەو فیلمەدا، لە ڕێگەی کـارەکتەری (ئێلسـا و ئانـا) کە دوو خوشکن ، منداڵان فێری هاوڕەگەزبازی دەکرێن، بەڵکو کـارەکتەری ئێلسـابە تـایبەت لە لایەن کۆمپانیـای دیزنـی، بە شێوەیەکی ئەوتۆ سەرنج ڕاکێش درووست کراوە، لە جیهان و لە کوردستانیش مناڵان خۆشیان ئەوێت و وێـنەکەی لەسـەر تەوقە و پاسکیل و دەفتەر و جانتا و زۆر شتی تر درووست کراوە و لە بازاڕەکاندا دەفرۆشرێت، کە ئەوەش توێیەکی خراپە لەو تەمەنە هەستیارەدا لە مێشکی منداڵاندا دەچێنرێت.

٨- ئینجا فیلمی کارتۆنی و یارییە ئەلیکترۆنییەکانیش، خوویەکی توند وزبر و دوژمنکارانە لەلای منداڵ درووست دەکەن، بە هۆی زۆر بینینی دیمەنی خوێن و چەك وکەرەستەی تیژ. هەروەها ئەو فیلمانە دەبنە مایەی جێ لەقکردنی ئاسایش و ئارامی منداڵەکان و بڵاوبوونەوەی ترس و دلەڕاوکێ لە دەروون و کەسایەتییاندا. زنجیرەکانی (أبطال الدیجیتال) و (القناص) و (النمر المقنع) و (میغا مان) و(باتمان) و(إکس مان) نموونەی ڕوون و ئاشکران لەسەر ئەوەی کە باسمان کرد.

تەنها لە ساڵی ١٩٩٣ لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، حەوت هەزار منداڵ لەڕیگەی فیشەکەوە بە دەستی هاوڕێکانی خۆیان کوژران، بێگومان ئەمە لە دەرەنجامی کاریگەری ئەو فیلم و زنجیرە کارتۆنییانەوە درووست بوونە. ئەمە جگە لەو شوێنەوارە خراپانەی کە سەیرکردنی فیلمە کارتۆنییەکان لە سەر چاو و ئەندامانی تری منداڵەکان لە ڕووی تەندروستییەوە درووستی دەکەن و بە جێی دەهێڵن.

٩- یەکێکی تر لە شوێنەوارە نەخوازراوەکانی فیلمە کارتۆنییەکان لەسەر منداڵان ئەوەیە، سروشت و فیترەتیان دەشێوێنێت، ئەو فیترەتە سەلامەت و هاوسەنگەی کە الله تعالی

منـــداڵی لەســـەر درووســـت کـــردووە، لە دەرەنجـــامی زۆر تەماشـــاکردنی ئەو فـــیلمانە کە هەڵقـــوڵاوی شارســـتانی مـــادی ڕۆژئـــاوایە کە لایەنـــی پەروەردەی ڕوح و واتـــایی منـــداڵان پشتگوێ دەخات، دەگۆڕێت و تێکدەچێت.

بـــۆ نمـــوونە ئەگەر منـــداڵێك فیترەتـــی ســـەلامەت بێـــت و تێکنەدرابێـــت، هـــاوەڵێکی پێغەمـــبەر ﷺ بە شـــێوەیەکی جـــوان وبەڕێز وێنا دەکات و بۆ نموونە ئەبو جەهل و ئەبو لەهەبـیش بە شێوەیەکی ناشیرین وێنا دەکات، چونکە فیـترەت بە شـێوەیەکی خۆرسك جوانی بە خێرو چـاکەوە دەبەسـتێت و، ناشـیرینیش بە شـــەڕو خـــراپەوە پەیوەســـت دەکـــات! بەڵام ئەوان دێـــن و ئەم واتایانە لە هزری منداڵاندا تێکدەدەن و ئاوەژووی دەکەنەوە..بۆ نمـــوونەی لە درامـــای کـــارتۆنیی ( إکـــس مـــان) کەســـایەتییە چاکەکـان بە شـێوەیەکی ناشـیرین و قیـزەون و بە یەك چـاوەوە دەردەکەون، هاوکـات کەسـە خراپەکـارەکە لە وێـنەی کچێکـی جواندا بە شـێوەیەکی جـوان و سـەرنج ڕاکـێش دەردەکەوێـت، هەروەها کارتۆنی بەناوبـانگی( سـپایدرمان) شـتی لەو جـۆرەی تێدایە.

١٠- بە هۆی زۆری ڕێژەی توندوتیژی کە منداڵان لە فیلمە کارتۆنییەکاندا دەیانبینن، وا گومان دەبەن کە توندوتیژی بەشێکی زۆر ئاساییە لە ژیانی ڕۆژانەماندا، هاوکات لەبەر ئەوەی ئەو ڕەفتارە توندانە زۆر جار لە ڕێگەی پاڵەوانی فیلمەکارتۆنییەکانەوە ئەنجام دەدرێت، وەکو کردارێکی ڕێگەپێدراو وئاسایی و بە پاساو تەماشا دەکرێت.

لە ڕاستیدا خراپی و لایەنە نەرێنیی و نەخوازراوەکانی فیلمە کارتۆنییەکان کە بە مەبەست و بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو لە ڕۆژئاواوە ئاراستەی ڕۆژهەلات دەکرێت، لە ئەژمارکردن نایەت و ناتوانرێت سەرژمێر بکرێت، چونکە کۆمپانیاکانی درووست کردنیان بەردەوام بیر لە شێوازی نوێتر لە داڕشتنی کەسایەتی و شێوازی بیرکردنەوەی منداڵان دەکەنەوە و، بەو شیوازەش بۆ ئەو دواڕۆژە ئامادەیان دەکەن کە خۆیان دەیانەوێت، موسوڵمانانیش بە ئەوپەری بێ بایەخییەوە تەماشای ئەم مەسەلە ترسناکە دەکەن و لە داهاتوودا بەروبوومی هەموو ئەم فیلمە کارتۆنیانە لە ڕەفتارو کەسایەتی و دواڕۆژی منداڵەکانیاندا دەبیننەوە ئەگەر بێت و فریای خۆیان نەکەون و بەدیلێك بۆ لێشاوی فیلمە کارتۆنییەکان درووست

نەکەن، کە بەڕای هەندێ لە شارەزایان بایەخدان و پەرە پێدانی ئەم بوارە بە فیلمی کارتۆنی ئامانجدار کە منداڵان بۆ خێر و چاکە و جوانی ئاراستە بکات، مەسەلەیەکی تا بڵێی گرنگە و پێویستە کار بۆ ڕاگەیاندنێکی ئیسلامی وابەستە بوو بە قورئان و سوننەتەوە بکرێت بۆ ئەوەی ڕێگە لە درووست بوونی نەوەیەکی نوێ بگیرێت کە لە هەموو بەها باش و جوانەکانی ئیسلام دابماڵرابێت، ئێستا منداڵەکانمان لە باوەشمانن و بە جەستە لەلای خۆمانن، بەڵام دڵ و مێشکیان لە جێگای ترە و پاش ماوەیەك جڵەویان لە دەستی ئێمە بەتەواوەتی دەردەچێت، ئەگەر لە ئاستێکی بەرز و بەرپرسیارانەدا مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا نەکرێت.

لە ڕووی ئینسافیشەوە نابێت ئەوە لەبەر چاو نەگیرێت کە فیلمە کارتۆنییەکان هەموی هەر خراپ نییە و بواری چاکە و بە سوودیشی هەیە، ئەگەر بێت و بە شێوەیەکی هاوسەنگ وبەرنامە بۆ داڕێژرا و ژیرانە تەماشا بکرێت، یەکێکیش لە سوودە باشەکانی بە هێزکردنی لایەنی زمانەوانییە، بە تایبەت زمانی عەرەبی، هەروەها هۆکارێکیشە بۆ تۆکمە کردنی بواری مەعریفی و زانیاری منداڵان، لەلایەکی تریشەوە لەڕێگەی ئەو

ڕەنگە جوان و گەشانەی بۆ دار و درەخت و شارو جادە وجل و بەرگی کەسایەتی فیلمەکان هەڵدەبژێردرێت هەستی بینینیان دەوڵەمەند دەکات و لە گەڵ جوانی سرووشت و درووست کراوەکانی پەروەردگاردا ئاشنایان دەکات، هەروەها هەندێ جۆری بە سوود لە فیلمە کارتۆنییەکان هاندەرن بۆ ئەوەی منداڵ ئاستی زانیارییەکانی فراوان بێتەوەو بەدواداچوونیش بۆ هەندی بابەت بکات، بەڵام ئەم سوودانەو چەندین سوودی تریش پەوەستە بەوەی سەیرکردنیان بۆ ئەو فیلمانە لە سەر بنەمای پۆلێن کردن و چاودێری کردن بێت و ڕێگە نەدرێن تەماشای جۆرە خراپەکانی ئەو کارتۆنانە بکرێن کە ئاماژەمان بە هەندێکیان کرد.

# بەشی نۆیەم

## شێوازی پەروەردەی ئیمانیی سەلەف بۆ منداڵان

پێشینانی چاكی ئەم ئوممەتە، لە هەموو ڕوویەكەوە بایەخی زۆریان بە پەروەردەی منداڵەكانیان دەدا، بەتایبەتی لە ڕووی تەوحید وئیمانییەوە، بەڵكو ئەوان پێش هەموو شتێك گرنگییان بە فێركردنی ئیمان و تەوحید بە منداڵەكانیان دەدا و دوای ئەوە قورئانیان فێر دەكردن، وەكو لە فەرموودەی جندب بن عبد اللە رضي الله عنه هاتووە كە فەرموویەتی: (كُنَّا معَ النَّبيِّ - صلَّى اللَّهُ عليهِ وعلى آلِهِ وسلَّمَ - ونحنُ فتيانٌ حَزاوِرَةٌ ، فتعلَّمنا الإيمانَ قبلَ أن نتعَلَّمَ القرآنَ ثمَّ تعلَّمنا القرآنَ فازدَدنا بِهِ إيمانًا ).[١]، واتە: هەرزەكار بووین لە نزیك كاتی پێگەیشتندا لە گەڵ پێغەمبەر ﷺ، ئیمان فێر بووین پێش ئەوەی قورئان فێربین، دوای ئەوە فێری قورئان بووین و ئیمانمان پێی زیادی كرد. واتە: ئەوان هەر لە تەمەنی منداڵیدا فێری بنچینە سەرەكییەكانی عەقیدەو بیروباوەڕ دەبوون، جا دوای ئەوەی كە فێری قورئان دەبوون

(١) (شعب الإيمان ج١/ص٧٦)، صحيح ابن ماجه، الألباني، ٥٢.

ئەوەنــدەی تــر ئیمانیــان بەهێزتــر دەبــوو، وەکــو اللــه تعــالی فەرمــوویەتی: (وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَـيْهِمْ آيَاتُـهُ زَادَتْهُـمْ إِيمَانًـا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ). [١] واتە: کاتێك قورئانیـان بەسـەردا دەخـوێنرا، ئیمان و باوەڕیان پێی زیادی دەکرد و پشـتیان بە پەروەردگاریـان قایم دەکرد.

ئەوان منداڵەکانیان لەسەر کۆمەڵێك بنەمای ئیمانـی بەهێـز و تۆکمە پەروەردە دەکرد، وەکو:

١- فێرکردنیان لە سەر ئەوەی هەمیشـە باوەڕیـان وا بێـت کە اللـه تعـالی چاودێرییـان دەکـات و ئاگـای لێیـانە، وەکـو لە فەرموودەکەی (ابن عباس) دا هاتووە رضي الله عنه، کە پێشـتر ئاماژەمان پێکرد لە ڕووی واتاو سەنەدەوە: (يَا غُلَامُ إِنِّي أُعَلِّمُـكَ كَلِمَاتٍ احْفَظْ اللَّهَ يَحْفَظْكَ احْفَظْ اللَّهَ تَجِدْهُ تُجَاهَكَ). ابن رجب دەربارەی ئەم فەرموودە فەرموویەتی: مەبەست لە: (احْفَظْ اللَّـهَ) ئەوەیە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی الله بێت و لە قەدەغەکراوەکـانی بەدوور بێت و سنوورەکانی نەبەزێنێت. [٢]

(١) الأنفال:٢.

(٢) بڕوانە: (جامع العلوم والحكم ٤٩٢/١).

(أَبُـو عَبْـدِ الـرَّحْمَنِ السُّـلَمِيّ) کاتێـك ویسـتی بچێـتە حەج، مۆڵەتی لە دایکی وەرگرت، ئەویش مۆڵەتیدا و پێـی وت: کاتێـك ڕوو لە کەعبە دەکەیت، ڕێگە نەدەیت دوو پارێزەرەکەت شتێکت لەسەر بنووسن سبەی ببێتە مایەی شەرمەزاری بـۆت.[1] ئەوەش ئەوپەڕی هەسـتکردنە بە بەرپرسـیارێتی کە دایکێـك بەو شـێوە پەروەردە منداڵەکەی بکات لەسەر ئەوەی شەرم لە مەلائیتەکانی بکـات و گوناهێـك نەکـات کە سـبەی لە لای پەروەردگـاری شـەرمەزاری بکـات، ئەمـڕۆ ئـێمە پێویسـتی زۆرمـان بەو جـۆرە پەروەردە و بەدواداچـوونە ئیمانیـیە هەیە لە لایەن دایکـان و باوکانەوە بۆ منداڵەکانیان.

٢- دوورەپەرێزی لە بێباوەڕان و گومڕاو لادەرەکان:

(محمد بـن عـمار) دەگێـڕێتەوە دەڵێـت: لە سـاڵی (٢١٥) ی کۆچی چوومە بەغدا لەو کاتەدا (بِشْرُ المِرّيسيّ) مردبـوو، کە ئەو یەکێك بوو لەسەرانی ئەهلـی بیـدعە و گـومڕایی، سـێ ڕۆژ بـوو تەرمەکەی لە مـاڵەکەی خۆیـدا مـابوویەوە کەس بەلایـدا نەدەچـوو، تـاکو پاسـەوانان هـاتن و تەرمەکەیـان لەمـاڵەکەی

(١) بڕوانە: (سير أعلام النبلاء للذهبي ٢٤٩/١٧).

دەركرد، جا لەبەر ئەوەی كەسێك بوو بەوە ناسرابوو كە تۆمەتبار بوو لە دینیدا، منداڵەكان بەردیان تێدەگرت و ڕقیان لێی بوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو منداڵانە لەسەر بیروباوەڕێك پەروەردە كراوبوون كە كەسی لادەر و گومڕایان بەلاوە كەسێكی خراپە و شایانی ڕێزگرتن نییە.

هاوكات ئەو منداڵانە لە سەر خۆشویستنی ئیماندارانیش پەروەردە كرابوون، ئەنەسی كوڕی مالیك الله لێی ڕازی بێت، فەرموویەتی: (كانوا يُعلّمونَ أولادهُم مَحبّةَ الشّيخينْ كما يُعلّمونَهُم السّورةَ مِنَ القُران).(١) واتە: هاوەڵان منداڵەكانیان لەسەر خۆشەویستی ئەبو بەكر و عومەر الله لێیان ڕازی بیت پەروەردە دەكرد، وەكو چۆن سوڕەتیكی قورئانیان فێر دەكردن.

(صالح بن الأمام احمد بن حنبل) دەڵێت: (كانَ أبى يَبعثُ خَلفي إذا جاءَهُ رجلٌ زاهدٌ أو مُتَقشّفٌ لأنْظرَ اليه يُحبُّ أنْ أكونَ مِثلَه).(٢) واتە: ساڵحی كوری پێشەوا ئەحمەدی كوری حەمبەل

(١) بڕوانە: السنة للخلال.

(٢) بروانە: (سير أعلام النبلاء للذهبي ١٢/ ٥٢٩).

دەیوت: کاتێـك بـاوکم پیاوچـاك و عابیـدیك سـەردانی دەکـرد، دەینارد بە شوێنمدا بۆ ئەوەی بیبینم و وەکو ئەو دەربچم.

٣- بە گەورە وترسناك تەماشاکردنی قەدەغەکراوەکانی الله:

عبـد اللـه بـن عمـر رضي اللـه عـنهما لە پێغەمـبەرەوە ﷺگێڕاوێتییەوە کە فەرموویەتی: ( لا تَمنَعوا إماءَ اللهِ أنْ يُصلينَ في المسجِدِ).(١) واتە: ڕێگر مەبەن لەوەی ئافرەتـان لە مـزگەوت نـوێژ بـکەن، ئیـتر کـوڕەکەی ابـن عمـر وتـی: وەڵلاهـی ئەبێـت ڕێگرییان لێ بکەین! ئیتر باوکی زۆر تـورە بـوو وپێـی وت: مـن پیت دەڵێم پێغەمـبەر ﷺ فەرمـوویەتی ڕێگەیـان لـێ مەگـرن تـۆ دەڵێیـت ڕێگەیـان نـادەین! ئەوەش بە واتـای ئەوە دێـت، کە گـوێڕایەڵی نەکردنـی منـداڵان بـۆ فەرمانەکـانی پێغەمـبەر ﷺهێڵێکی سوور بووە، باوکان ڕێگەیـان نەداوەتە منـدالەکانیان هەرگیز ئەو هێڵە سوورە ببەزێنن.

٤- قورئانی پیرۆزیان بە منـداڵەکانیان لەبەر کـردووە: منـداڵ کە لە قۆناغی منداڵیدا قورئانی پێ لەبەر بکرێت، ئیـتر لە کـاتی

---

(١) البخاري (٩٠٠)، ومسلم (٤٤٢)..

لاوی و گەورەبوونیدا دڵی وابەستەی کیتابی پەروەردگاری و خۆشەویستی الله دەبێت و باش لە واتاکانی ورد دەبێتەوە.

(عُمر بنُ سَلَمَة) دەفەرموێت: لەسەر ڕێگای خەڵکی بووین، کاتێك کاروانەکان بەلاماندا تێدەپەڕین، پرسیارمان لێ دەکردن دەربارەی پێغەمبەر ﷺ، ئەوانیش دەیانوت بانگەشەی ئەوە دەکات گوایە پێغەمبەرە و دەڵێت ئەمەو ئەوەم بۆ دابەزیوە لە قورئان، دەڵێت ئیتر منیش لەبەرم دەکرد وەکو ئەوەی لە دڵمدا جێگیر دەبوو! جا کاتێك قەوم و خزمانی موسوڵمان بوون، پێغەمبەر ﷺفەرمانی پیکردن نوێژ بکەن، ئەوانیش چاویان گێڕا کەسێکیان نەدۆزییەوە لە من زیاتر قورئانی لەبەر بێت بە هۆی ئەو کاتانەی کە لە زاری کاروانچییەکان وەرم دەگرت و لەبەرم دەکرد، دەڵێت: ئیتر منیان پێش خست بۆ پێشنوێژی کە لەو کاتە تەمەنم شەش یان حەوت ساڵ بوو.[١]

(عبد الله بن عباس) رضي الله عنه دەیفەرموو: (مـنْ قـرأ القُرآن قبلَ أنْ يحتلِمَ فهو مِمّنْ أوتي الحُكمَ صبيّا).[٢] واتە:

(١) ئەم بەسەرهاتە لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە.

(٢) بڕوانە: (الآداب الشرعية لابن مفلح١/٢٤٤).

هەرکێ پێش باڵغ بوون قورئان بخوێنێتەوەو لەبەری بکـات، ئەوا لەو کەسانەیە کە الله بە (وَآتَيْنَاهُ الْحُكْـمَ صَـبِيًّا).[١] وەسـفی کردوون.

٥- منداڵەکانیان فێری دوعا و پـاڕانەوە و وێردەکـان دەکـرد: پێغەمبەر ﷺ پەرۆش بوو بۆ فێرکردنـی وێردەکـان بـۆ هـاوەڵان، تەنـانەت هەنـدی لە هـاوەڵان دەیـانفەرموو ئەو چـۆن فێـری سـوڕەتێکی قورئـانی دەکـردین، ئاوهـا فێـری دوعـا و نزاکـانی دەکردین، وەکو لە ابن عباس رضي الله عنه هـاتووە : ( أعـوذُ بكَ من عذابِ جهنمَ , وأعوذُ بكَ منْ عذابِ القـبرِ , ...).[٢] واتە: پەنات پی دەگرم لە سزای دۆزەخ و لە سزای ناو گۆڕ.

یان وەکو جابیر رضي الله عنه دەفەرمووێت: (کان رسول الله صلى الله عليه وسلم يُعلمنا الاسْتِخَارَةَ في الأمور كلها كالسـورة مـن القـرآن).[٣] واتە: پێغەمـبەر ﷺدوعـای ئیسـتیخارەی فێـر دەکردین وەکو چۆن سوڕەتێکی قورئانی فێر دەکردین.

---

(١) مريم: ١٢.

(٢) بڕوانە: (الأدب المفرد للبخاري).

(٣) رواه البخاري: ( ١١٦٢).

هاوەڵان و پێشینانی چاکی ئەم ئوممەتە منداڵەکانیان فێری نزا و پاڕانەوە و وێردەکانی بەیانیان و ئێواران دەکرد، بۆیە نەوەیەکی باوەڕ بەهێز و وابەستە بوویان لێ دەرچوو بە بنچینەو بنەماکانی ئیمان و تەوحیدەوە.

٦- فێریان دەکردن ئارام لە سەر تاعەت و عیبادەت بگرن: دەگێڕنەوە زانای پایەبەرزی پێشینان (مسروق بن الأجدع) لە قسەی کچەکەی دەرنەدەچوو وزۆری خۆشدەویست، جارێکیان ئەو کچە هاتە لای باوکی و پێی وت: بابە ڕۆژووەکەت بشکێنە و ئاو بخۆ، وتی کچم مەبەستت چییە بەو داواکارییەت؟ وتی: مەبەستم ئەوەیە بەزەییت بەخۆتدا بێتەوە. ئەویش وتی: کچەکەم! من بەو کارەم بەزەییم بە خۆمدا هاتووەتەوە بۆ ڕۆژێك کە درێژییەکەی پەنجا هەزار ساڵە![(١)]

(١) بڕوانە: ( سير أعلام النبلاء للذهبي ٤/ ٦٨٩).

# بەشی دەیەم

## هۆنراوەیەك بۆ فێربوون و فێركردنی عەقیدە

ئەمە هۆنراوەیەکی پڕ واتاو جوانە و زۆرێکی لەو بنەمایانەی پێشتر باسمان کرد تێدایە بە شێوەی هەڵبەست، کارێکی باشە ئەگەر بۆ منداڵان شەرح بکرێت و پێیشیان لەبەر بکرێت، لە لایەکەوە واتاکانی تەوحید و بیروباوەڕی ڕاستیان پێ دەگەیەنێت و، لە لایەکی تریشەوە هۆکارێکە بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی ئەگەر واتای وشەکانیان بۆ وەرگێڕینە سەر زمانی کوردی بە وردی، هۆنراوەی (تلقين العقيدة) بریتییە لە (٣٤) دێڕ و سەرتا بە سوپاس و ستایشی الله دەستی پێکردووە و بەوەش کۆتایی پێهێناوە:

**الحمدُ للهِ عظيمِ الشـــانِ**
**بكل نعمـةٍ هـو ربّانـــي**

سوپاس و ستایش بۆ الله ی مەزن لە هەموو کاروبارێکیدا
کە ئەو زاتە منی بە هەموو نیعمەتێك پەروەردە کردووە.

**ثم الصلاةُ والسلامُ أبـــدا**

**على النبيِّ الهاشميِّ أحمـــدا**

ئینجا سەڵات و سەلامی هەمیشەیی نەبڕاوە،

لەسەر پێغەمبەری هاشیمی ئەحمەد بێت ﷺ.

**فـهـذه منظومـةٌ مفيـــدة**

**لينشئ الأطفـال بالعـقــيدة**

پاشان ئەمە هۆنراوەیەکی بە سوودە،

بۆ ئەوەی منداڵان لەسەر عەقیدە وبیروباوەری ڕاست

پەروەردە بکرێن.

**كي يحْفظوا العُلومَ حالَ الصِغَرِ**

**فإنه كالنقـشِ فـوقَ الحَـجَـرِ**

بۆ ئەوەی زانستەکان لە کاتی منداڵیدا لەبەر بکەن،

چونکە فێربوونی زانست لە کاتی منداڵیدا وەکو نەخشی

سەر بەرد وایە لاناچێت.

**أرجو لها القبـولَ بين النـاسِ**
**تكـونُ في التوحـيدِ كالأسـاسِ**

تکا ئەکەم لە پەروەرگارم ئەم هۆنراوەیە لەلای خەڵکی
پەسەند کراوی بکات ،
بۆ ئەوەی لە تەوحیددا ببێتە بنچینەو بناغەیەکی باش.

**فمَصدرُ العَقيـدةِ الصَحيحــةِ**
**الآيُ والرسـولُ خـذ نصيحـةِ**

سەرچاوەی عەقیدەی ڕاست ودرووست، بریتییە لە
ئایەتەکان و ئەوەی پێغەمبەری ئیسلام فەرموویەتی ﷺ،
ئەمە ئامۆژگاری منە بۆ تۆ وەری بگرە.

**بفَهمِ أصحابِ القرونِ الأولــى**
**مَنْ حـادَ عن أقوالِهِمْ مَخْـذُولا**

بە تێگەیشتنی سێ سەدە باشەکان و
هەرکێیش لە تێگەیشتنی ئەوان لابدات شکست خواردووە.

**وأولُ السؤالِ عَـن مَّنْ ربـي**
**فهُو الإلـهُ الحـقُ دونَ ريْـبِ**

یەکەمین پرسیاریش ئەوەیە کێ پەروەردگارمە،
کە ئەویش الله ی ڕاستەقینەو حەقە بەبێ هیچ گومانێك.

**عرفـتُه بالخلـقِ والآيـــاتِ**
**قد استوى في عرشـه بالـذات**

بە درووستکراوەکانی و بە بەڵگەو ئایەتەکانی ئەوم ناسیوە،
بە زاتی خۆی لەسەر عەرشەکەی (استواء) ی کردووە.

**وأمـرُه العظيـمُ بالتوحــيـدِ**
**نهى عن الإشــراك والتنـديـدِ**

فەرمانی هەرە مەزنیشی بۆ ئێمە ئەوەیە لەسەر تەوحید بین،
هاوەڵ و هاوشێوە دانانیشی لەسەر قەدەغە کردووین بۆ خۆی.

**والشِّركُ نوعـانِ هُما الأكبــرُ**

**ودونـَهُ - فيما عَلِمـنا - الأصْغَــرُ**

شیرك و هاوەڵدانانیش بۆ الله دوو جۆرە،

شیرکی گەورەو لەوەش خوارتر شیرکی بچووکە بەو زانستەی

کە فێری بوونە.

**لَهُ فَقَـْط أن تُصرَفَ العِــبادَة**

**مِـنْ دونِ نُقصـانٍ ولا زِيــادَة**

عیبادەت تەنها و تەنها بەبێ زیاد و کەم

بۆ خۆی – بۆ الله – ئەنجام دەدەرێت.

**مِنها الصلاةُ والصّيامُ والدّعــا**

**فاحْفَظْ فَخَيْرُ طالبٍ مَنْ قَدَ وَعَـى**

بۆ نموونە نوێژ و ڕۆژوو و پاڕانەوە،

ئەمە لەبەر بکە چاکترین فێرخواز ئەو کەسەیە باش تێدگات

و زانست وەردەگرێت.

**شُروطُها الإخـلاصُ والمُتابعَـة**
**حـتى تَكـونَ يا بُنـيَّ نافعِـَة**

مەرجەکانیشی پێویستە (إخلاص)ی تێدا بێت واتە لە هەموو کردەوەیەك مەبەست تەنها بۆ الله بێت و شوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوەی عیبادەتێکی بە سوود بێت ڕۆڵەکەم.

**إسـلامٌ والإيمانُ والإحســانُ**
**أصـولُ هـذا الدينِ والأركــانُ**

ئیسلام و ئیمان و ئیحسان، بنچینەو کۆڵەکەکانی ئەم دینەن.

**كـلٌ لـه بـشرعـنا تفصــيلُ**
**بـذا أتـى مُعـلِّــماً جـبريـلُ**

هەموو یەکێکیش لەوانە لشەریعەتی ئێمەدا، شیکردنەوەو وردەکاری تێدایە و جیبریل سەلامی الله ی لێبێت وردەکاری ئەو زانستەی پێ گەیاندووین و فێری کردووین.

**يُجِيبُهُ النبيُّ وهو يَسْأَلُ**
**عن هذه الأركانِ فيما نَقَلُوا**

جیبریل علیه السلام پرسیاری دەکرد دەربارەی ئەو کۆڵەکانە و پێغەمبەرمان ﷺ وەڵامی ئەدایەوە، وەکو لە فەرموودەکاندا پێمان گەیشتووە.

**وواجبٌ إيمانُنا بالرسلِ**
**لأنّهُم أهلٌ لذاك الفَضْلِ**

پێویستیشە باوەڕمان بە پێغەمبەران ﷺ هەبێت،
چونکە ئەوان شایستەی ئەو فەزڵ و چاکەیەن.

**يَدعُونَ للتّوحيدِ والإيمانِ**
**والكُفرِ بالأصنامِ والأوثانِ**

ئەوان بانگەوازیان بۆ تەوحید و ئیمان دەکرد
هەروەها بانگەوازیان بۆ کوفر کردن بە بت و بەردە داتاشراوەکان دەکرد.

**أعدادُهــم كثيرةٌ لكنــــنا**
**نؤمنُ بالتفصيلِ فيمَنْ عنـدنا**

پێغەمبەران ژمارەیان زۆرن،
بەڵام ئێمە بە شێوەیەکی گشتی باوەڕمان بە هەموویان هەیە.

**عِشرونَ بَعْدَ خَمْسَةٍ قَـدْ وَرَدَتْ**
**أَسامؤهُـمْ مَعْلُومَـةٌ اشْتَهَـرَتْ**

ناوی بیست و پێنج لەو پێغەمبەرانە ناوبانگیان هەیە و زانراون.

**الأوَّلُ المَنْصُورُ بِالطّوفـــانِ**
**والخَـاتمُ البَشيـرُ مِـنْ عَدنـانِ**

یەکەمیانە (نوح) علیه السلام کە بە تۆفان و لافاوەکە پشتگیری لێ کرا، دواییینیشیان ئەو پێغەمبەرەیە کە موحەممەدە ﷺ بژاردەی هۆزی عەدنانە.

**نـبيُّنا المبعـُوثُ للأنـــامِ**
**جَميعُهم بديـــنِه الإســــلامِ**

پێغەمبەرمان ﷺ کە بۆ هەموو خەڵکی بە دینی ئیسلام ڕەوانە کراوە .

**فـلا رسـولَ بعـده ولا نبـــي**
**لأنـّهُ الأخيـرُ منْهـُمْ يا صَبـِـي**

نە ڕەسول و نە نەبی بەدوایدا ئیتر نایەت،
چونکە ئەو خاتەم و کۆتایی پێغەمبەرانە ﷺ ئەی کوڕی تازە پێگەیشتوو.

**أخْـلاقـُهُ عَظـيمـةٌ مُزْدانـَــة**
**كالصّـدقِ والعـدلِ مَعَ الأمانـَــة**

ڕەوشت و ئاکارەکانی مەزن و جوان بوو،
وەکو ئاکاری ڕاستگۆیی و دادگەری و ئەمانەت پارێزی.

**واجبُـنا تُجاهــَهُ مَحبتُـــهْ**
**طاعَتُـهُ تَعْظيمُـهُ ونُصْـرَتُـــهْ**

ئەرکی ئێمە بەرانبەر ئەو پێغەمبەرە ﷺ ئەوەیە خۆشمان بوێت و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بکەین و بە مەزن و گەورەی بزانین وپشتگیری بکەین.

**وحُـبُّ آلِ البَيْـتِ والصَّحابَـة**
**لِمَنْ يُريـدُ الفَـوزَ والإصابـــَة**

هەروەها خۆشویستنی ئالوبەیت وخاوخێزانی و هاوەڵانی پێویستە بۆ کەسێك بیەوێت سەرفراز بێت و حەق و ڕاستی بپێکێت.

**لا نَرتَضي عَنْ نَهْجِهِمْ بديـــلا**
**فأنّهُم قَد شاهَــدُوا التَّـنْزيــلا**

ئێمە بە هیچ ڕێبازیکی تر جگە لە ڕێبازی ئەوان ڕازی نابین، چونکە ئەوان ئامادەی دابەزینی قورئان بوون.

**بِفَهْمِهِمْ يَتَّضِحُ المَنْقُــولا**
**لأنَهُم قَـدْ صَحِبــوا الرَّسُــولا**

بە تێگەیشتنی ئەوان قورئان و سوننەت ڕوون دەبێتەوە،
چونکە ئەوان هاوەڵێتی پێغەمبەریان کردووە ﷺ.

**وعَصْرُهُمْ أفضلُ مِن ســِواهُ**
**كذا أتى نَصّـاً بِمـا مَعناهُ**

سەردەمی ئەوانیش وەکو لە فەرمودەدا
هاتووە چاکترە لە هەموو سەدە و سەردەمێکی تر.

**كَذاكَ كلُّ مؤمــنٍ نوالـــي**
**ونُبغِـضُ الكُفــارَ ونُعــادي**

خۆشەویستی و پشت گیری هەموو ئیمانداریکیش ئەکەین،
ڕقمان لە هەموو کافرێکیشە و دژایەتی ئەکەین.

**فَجَنَّةُ الرّحــمنِ للأبـــرارِ**
**والـنارُ للكــفارِ والفجّـــارِ**

بەهەشتی الرحمن یش بۆ چاکەکارانە و دۆزەخیش بۆ کافر و خراپەکارانە.

**فـنسـألُ اللهَ لنـا الإخــلاصَ**
**والفَـوزَ بالجــنّةَ والخَــلاصَ**

داواکارین لە الله تعالی هەموو کردەوەکانمان تەنها بۆ بۆ خۆی بێت، بەهەشت و ڕزگاربوونیش لە سزا بەدەست بهێنین.

**فَهـذِهِ مَنظومَتي قـَدْ تمَّمَتْ**
**بِحَمْـدِهِ سُبحانـه قـَدْ خُتِـمَتْ**

بەم شیوەش هۆنراوەکەم بە ئەنجام گەیشت و سوپاس بۆ الله کۆتایی پێ هات.

# کۆتایی

لەم چەند لاپەڕەی پێشوودا، هەوڵم داوە پاڵ پشت بە ئایەتەکانی قورئان و سوننەتی سەحیحی رسول اللە صلی اللە علیە و سلم، هەروەها قسەی زانایان و ئەوانەی لەم بوارەدا دانراوی تایبەتیان هەیە، ئەوەی پێویستە سەبارەت بە تەوحید و جۆرەکانی، بە شیرك و بەشەکانی، هەروەها چەندین باسی گرنگی تر لە باسەکانی بیروباوەڕ بە ڕوون و ئاسانی بخەمە ڕوو، داواکارم لە لەلایەن کەسانی پەیوەندیدارەوە بایەخی پێویستی پێ بدرێت، بە تایبەتی لەلایەن باوکان و دایکان و مامۆستایانەوە، چونکە گرنگی عەقیدەی ڕاست و درووست بۆ موسوڵمانان بە گشتی و منداڵان بە تایبەتی، وەکو گرنگی بناغەی تۆکمەیە بۆ باڵەخانەیەکی بەرز، چەند بناغەکەی بەهێز بێت تەلارەکە ڕاوەستاوتر دەبێت و لە هەموو مەترسییەك بە دوورتر دەبێت.

لەم نامیلکەدا هەوڵم داوە ئەوەی زانین و فێربوونی پێویستە بۆ منداڵان باسی بکەم و بێخەمە ڕوو، داواکارم لەو مامۆستایانەی دەیڵێنەوە بە شێوازێکی پەسەند و ئوسلوبێکی

جوان وئاسان بە منـداڵانی بگەیـەن و مـن و ئـەوان و هـەرکێیش ڕۆڵی بووە لە بڵاو کردنەوەی ئەم بابەتە - ان شاء الله - چاوەڕوانی پاداشتی الله دەبین.

داواکاریشـم لـە نووسـەران ومامۆسـتایانی عەقیـدە پـاك کـە مەبەستیانە بانگەوازی تەوحید لە کوردسـتاندا بـڵا بکەنـەوە، ئـەم بـوارە دەوڵەمەنـد بکـەن و تێیـدا بنووسـن و وانـەی بـە سـوود و زانستی لەسەر بڵاو بکەنەوە، چونکە کەلێنێکی گـەورە لـەم بـوارە گرنگ و ترسناکەدا هەیە لە پڕنەکردنەوەی هەموومان لە لای اللـە تعالى بەرپرسین.

مـایەی دڵخۆشـی و ئومێـدە کە سـەرەڕای نـامۆیی عەقیـدەی ئیسـلامی لەم سـەردەمەدا، بەلام هاوکـات هەوڵـی ئەوانەی کە دەیانەوێت بە گـوێرەی توانـای خۆیـان عەقیـدەی تەوحیـد ڕوون بکەنەوە و خەڵکی بگێڕنەوە سەر تەوحیدی خـالص، ئەو کارەیـان جێگای خۆی دەگرێت و کاریگەری خۆی دەبێت و موسـوڵمانیش کاتێك بانگەواز بۆ دینەکەی دەکـات پێویسـتە تەنهـا چـاو ببـڕێتە ڕەزامەندی پەروەردگـاری ولەسـەر ناخۆشـییەکانی بـانگەوازیش ئارام بگرێت و بێ گومـان اللـە تعـالى هەوڵەکـانی بەزایە نـادات: (وَاصْبِرْ فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ) هود:١١٥ .

والحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات

# سەرچاوەکان


- آثار أفلام الكارتون على على أطفالنا، د.عماد الدين الرشيد.
- أصول الإيمان في ضوء الكتاب و السنة، نخبة من العلماء.
- الأصول الثلاثة،الشيخ محمد بن عبد الوهاب.
- أفلام الكارتون على ماذا نربي أولادنا، موقع طريق الإسلام.
- تحفة المودود بأحكام المولود، ابن قيم الجوزية.
- تعليم التوحيد الصبيان، الشيخ محمد بن عبد الوهاب.
- تيسير الكريم الرحمن، عبدالرحمن السعدي.
- جامع البيان في تفسير القرآن الطبري، محمد بن جرير الطبري.
- التفسير الميسر، نخبة من العلماء.
- سؤال وجواب في التوحيد والعقيدة.
- سؤال وجواب في عقيدة أهل السنة والجماعة، شبكة الألوكة.
- ضرورة تعليم العقيدة للناشئة، بندر بن محمد الرباح.
- كيف نعلم العقيدة للاطفال،هناء بنت عبدالعزيز.

- مختصر الفقه الإسلامي، محمد بن إبراهيم التويجري.
- مقدمة رسالة،ابن أبي زيد القيرواني.
- المنهج الإيماني الذي رسمه السلف في تربية الاولاد.
- موقع الدرر السنية، علوي بن عبدالقادر السقاف.
- شرح القواعد الأربع و الأصول الثلاثة و نواقض الإسلام وكشف الشبهات، عبد الرحمن البراك.
- تفسير القرآن العظيم، عماد الدين أبي الفداء إسماعيل بن كثير.

# پێڕست

پێشەکی چاپی یەکەم........................... ٩

پێشەکی چاپی شەشەم ........................ ١٨

بەشی یەکەم:پەروەردگارت کێیە و چۆن دەیناسیتەوە؟............ ٢١

بەشی دووەم:ئیسلام وبنەماکانی .................... ٣٢

بەشی سێیەم:بنەماکانی بیروباوەڕ...................... ٣٧

بەشی چوارەم:لا إله إلا الله و مەرجەکانی ............ ٥٨

بەشی پێنجەم:جۆرەکانی تەوحید و چەند پێناسەیەکی گرنگ....... ٧٧

چەند زانیارییەکی گرنگ دەربارەی عەقیدەی ئیسلام ............ ٩٢

چەند ڕێگەو شێوازێك بۆ فێرکردنی تەوحید بۆ منداڵان............ ١٠٠

کاریگەری فیلمی کارتۆنی لەسەر عەقیدەو بیروباوەڕی منداڵان... ١٠٦

بەشی نۆیەم:شێوازی پەروەردەی ئیمانیی سەلەف بۆ منداڵان ...... ١١٦

بەشی دەیەم:هۆنراوەیەك بۆ فێربوون و فێرکردنی عەقیدە .......... ١٢٤

کۆتایی ................................ ١٣٦

سەرچاوەکان ............................ ١٣٨